# هۆز و تیرەکانی کورد لە ئێران

## بەربڵاویی خەڵکی کورد لە سەر ئاستی پارێزگاکان

**وەرگێڕانی بۆ کوردی: ڕێباز مستەفا**

**سەرچاوە:Fa.m.wikipedia.org**

***

## کورد

**وشەی کورد بە 'کورد' لە دەقەکانی پارسی نێوەڕاست نووسراوە و لە فارسیی ئەمڕۆدا بە شێوەی 'کرد-kord' دەنووسریت.**

لە سەرچاوەکاندا هاتووە کە شێوەی فارسیی نێوەڕاستی وشەکە 'کورت' بووە [پێویستی بە سەرچاوە هەیە]، کە لە زمانی عەرەبیدا بەمشێوەیەی ئێستا بە 'کرد'ی لێهاتووە.[١] بە بڕوای 'ئەمانوڵڵا قەرەشی، وشەی کووردۆ، کە پێشتر ناوی شوێن بووە لە سەردەمی مادەکان بە دانیشتووانی ناوچەکە گوتراوە و دانیشتووانی سەرزەمینی 'کوردۆئن' بە کوردۆ، یان کاردۆ ناوی هێنراوە. گزنەفۆن لە 'گەڕانەوەی دە هەزار کەس'دا ئەو خەڵکەی بە کوردۆک، یان کاردۆخ ناو بردووە.[٢] بە بڕوای ئەو، لە سەردەمی ئەشکانیدا جگە لە کوردۆئن (باشووری خۆرهەڵاتی ئەرمەنستانی کۆن و درواسێی باشووری ئازەربایجان)، کە لە کۆنەوە کوردنشین بووە، ناوچەی ئەدیابین (هەدیپ) لە دڵی ئاشووری دێریندا بە ناوەندی 'ئەربیل' لە لێواری ڕووباری 'زاب'یش کوردنشین بووە.[٣] لە مێژووی 'ئیبن خەلدوون'دا ناوی کورد وەکو نەتەوەیەکی جیا لە عەرەب و عەجەم هاتووە.[٤] هەندێک لە جوگرافیناس و

---

[١] – (G.asatrian, prolegomenta to the study of the kurds, iran and the Caucasus. Vol.13,pp1-58,2009)
-قرشی، امان الله. ایران نامک: نگرشی نو به تاریخ و نام ایران، تهران: هرمس، چاپ سوم ١٣٨٩؛ص٢٥٤.

[٢]- قرشی، امان الله. ایران نامک: نگرشی نو به تاریخ و نام ایران، تهران: هرمس، چاپ سوم ١٣٨٩؛ص٩-٢٣٨.

[٣]-راتیخ ابن خلدون، صفحه٥٦١، خبر الاکراد.

[٤]-مصطفی تقوی مقدم در کتاب تاریخ سیاسی کهگیلویه، تهران:مؤسسه مطالعات تاریخ معاصر ایرا،١٣٧٧.

مێژوونووسانی سەردەمی ئیسلامی، گرووپە بیابانشین و نیمچە بیابانشینەکانی ئێرانیشیان بە گشتی بە 'ئەکراد' ناوبردووە و مەبەستیان هەر تەنیا خەڵکی کوردنەژاد نەبووە، بەڵکو هەموو چادرنشین و مێگەلدارانی ئێرانی کە عەرەب و تورک نەبووبن بەو ناوەیان ناساندوون.[٥]

بەشێکی زۆر بچووکی ئەو هۆز و تیرانە هێشتاش نیوە کۆچەرین. پێرستێک لە تیرە و خێڵە نیشتەجێ و ناکۆچەرییەکانی کرمانج، گۆران، سۆران، کەلهور، چەرداولی و... کورد پێک دێنن. کورد بە شێوەیەکی پەرشوبڵاو[٦،٧] لە سەرتاسەری ئێراندا هەن[٨،٩].

سەبارەت بە بەربڵاوی ناوچە کوردنشینەکان، زۆر پێناسە و باسی جیاجیا هەن و ئەو باسە باسێکی زۆر مشتومڕهەڵگرە. زێدی سەرەکیی کورد ڕاستییەکەی تورکیا و ئێرانە*. ژمارەی کورد لە ئێران لە نێوان ٦تا ٧ ملیۆن کەسە و لە سەرتاسەری ئێراندا هەیە.[١٠،١١،١٢]

لە هەندێک ناوچەدا زۆربەی خەڵکەکە و لە هەندێک بەشی دیکەدا تەنیا بەشێک لە دانیشتووانی ئەو ناوچانە کوردن و نەتەوە و گەلی دیکەش لەو ناوچانە نیشتەجین.[٦،٨،٩،١٣]

**

## هۆز و تیرەکانی کورد لە باکووری ئێران

---

[٥] -کرد و پراگندگی او در گستره ایران زمین-ح. بهتویی ١٣٧٧-تهران.-().

[٦،٧] ایل ها و طایفه های عشایر کرد ایراب=ن. علی میرنیا. ناشر نسل دانش، ایران.١٣٦٨.

[٨،٩] -آیت محمدی. سیری در تاریخ سیاسی کرد. زنتشارات پرسمان.١٣٨٢.

*-لەم نووسینەدا ئەو دەربڕینانە چەندین جار دووبارە دەبنەوە، (لە جیاتی کوردستان، ناوچە کوردنشینەکان، ئێران، تورکیا، عێراق، سووریا) نووسراوە.. نەدەکرا وەک خۆی وەریاننەگێڕم.

[١٠،١١،١٢] – بایگانی شده از اصلی در ١٢ ژوئیه ٢٠١٠. پارامتر/عنوان= یا title/ ناموجود یا خالی.

[٦،٨،٩،١٣] - بایگانی شده از اصلی در ١٥ ژوئیه ٢٠٠٩. پارامتر/عنوان= یا title/ ناموجود یا خالی.

تیرەکانی کورد لە باکووری ئێران، زیاتر لە نێو کوێستانەکانی ئەلبۆرز و هەروەها لە قەدپاڵەکانی باشووری ئەو زنجیرە چیایەدا نیشتەجێن:

**لای خۆرهەڵات- خۆرئاوای قەدپاڵەکانی باکووری زنجیرە چیای ئەلبۆرز، کوردانی مازەندەران**

تیرەکانی جیهانبەگلو، دەراره دێ

*زاغەمەرز: عەبدولمەلیکی

*ساری: عەبدولمەلیکی، کەلبادی

*کلاردەشت: خواجەوەند

*جوییبار: مەدانلو

*کوجوور: خواجەوەند لە شاری پوول نیشتەجێن[15،14] لە شاری کوجوور (حەقپەرەست، سیاهسەرانی، جەعفەری، خوداوێردی، کازمی، مووسەوی)، لە گوندەکانی ئەنگیل، لیگوش، نیتل و گنگەر (خوداکەرەمی زەریری، ئەلڵاوێردی، موڕادی، ئەمیری، ئاغاجانپوور)، کینج، خوشل، گوندی کەشکەک (تیرەی عەلیخانی).

کەدیر: تیرەی کورد

*بابول: کوردەکانی بازگیر لە گەڕەکی بازگیرکەلا لە شاری بابول[16].

**

**کوردانی گولستان**

*گۆرگان: کاکاوەند

---

[15،14] -ک.توحدی، حرکت تاریخ کرد به خراسان. انتسارات توس و اسفند١٣٦٦و١٣٧٨.

[16] -منوچهر ستوده.٢٠٠٦، نامنامه ایلات و عشایر و طوایف: ایران تاریخی و فرهنگی (به عربی). مرکز دائرة المعارف بزرگ اسلامی (بخش کتابخانه).

-کوردکووی: زەعفەرانلو، کاکاوەند، جیهانبەگلو، عەمرانلۆ، دەوانلۆ، سەپانلو، مەنوچەهرلۆ، عەرەب خویشانلۆ، حوسێنلۆ، تیرەکانی کوردی زەیدی، باباکوردی[١٧].

**

## کوردانی گەیلان

شارۆچکەی ڕودبار و دەوروبەری (شاری تارەم، ڕودبار، ئەلەمووت، شارۆچکەی سیاهکەل، شارۆچکەی ئەملەش، شارۆچکەی تونکابوون و هەروەها لاهیجان) بە مەڵبەندی کوردنشینی پارێزگای گەیلان دادەندرێن؛ دواجار تیرە گەورەکانی کورد بە تایبەت عەمارلۆ لە سەرتاسەری ئەو ناوچەیەدا بە فراوانی هەن[١٨،١٩،٢٠].

لە کۆنفدراسیۆنی عەمارلۆدا تیرەکانی خوارەوە لە شاری ڕودباردا دەژین:

-لە ناوچەی عەمارلۆی شاری ڕودبار: عەمارلۆ، قوبە کەرانلۆ، ئەستاجلۆ، بیشانلۆ، شەمخانلۆ، تیرەکانی سەلخوری یەکێک لە تیرەکانی هۆزی قەیاسوەند کە لە گوندەکانی دەشتڕەز، زکایر و زەردەکەشی سەر بە ناوچەی عەمارلۆ نیشتەجێن کە بە زمانی کوردی لەکی دەدوێن.

-لە سەنتەری شاری ڕوودبار (ڕەحمەت ئاباد): برامکلە، حاتمی، پیراسلۆ، عەمارلۆ.

لە بەشی سەنتەری شاری ڕودبار (گلوگاه): پهتویی، وەلی یاری، چەمشگەزەک.

لە بەشی ڕانکۆی شاری ئەملەش: خێلی سۆفی.

---

١٧-عبدالرضا مهرگانی، (بازگیر) آشنایی با طایفه بازگیر، انتشارات جالیز،١٤٠٠.
١٨،١٩،٢٠ –(http: /old. Sharghdaily. Ir/news/90/10/21970.htmi.).

له شاری لاهیجان و دەوروبەر: بنەماڵەی سۆفی و تایەفەی حەبیبی له شاری لاهیجان، تایەفەی حەبیبی له گوندی ئاهەندانی سەر بە بەشی ئازارستانکی دەژین. چەند ماڵێک له تایەفەی حەبیبی له لەنگەرود نیشتەجێن؛ ئەوان شۆرەتی لاهووری لەنگەڕوودیان بۆ خۆیان هەڵبژاردووە[١٧،٢١].

له شاری لەنگەرود، تایەفەی جەلالوەند دەژین کە ڕیشەیان دەگەڕێتەوە بۆ کرماشان و پەیڕەوی ئایینی یارسانن.

**

## کوردانی زەنجان

ڕەشوەند و زەعفەرانلۆ، ئەرامانلۆ، کەیوانلۆ، قەراچوەرلۆ، ئەرکەوازی، عەمارلۆ، شادلۆ، بەرقی پوور، (شاملۆ)، باوەنوور، قیتول[٢١].

**

## کوردانی ئەردەبیل

له شاری خەلخال، زمانی کوردی کرمانجی له بەشی سەنتەر له گوندی لەنبەر و گوندەکانی دەوروبەر برەوی هەیە. حەوت هۆزی کوردی ئەو شارە بریتین لە: دەلیکانلۆ، کلوکجانلۆ (لکێک له شکاکەکان) ئەحمەدلۆ، ڕەشوەند و مامانلۆ[٢٢].

**

## لای خۆرهەڵات-خۆرئاوای قەدپاڵەکانی باشوری زنجیرە چیای ئەلبۆرز

## کوردانی سمنان

*کوردانی گەرمسار: شادلۆ و قەراچوەرلۆ.

---

[١٧،٢١]- رابینو، یاسنت لوئی ١٣٧٤، ولایات دارالمرزایران، رشت طاعتی.
[٢١]-ک. توحدی حرکت تاریخی کرد به خراسان. زنتشارات توس و اسفند،١٣٦٦و١٣٧٨.
[٢٢] -بهتویی، حیدر، کرد و پراکندگی او در گستره ایران زمین، تهران: خجسته.

مێژووی نیشتەجێبوونی ئەو کوردانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٠٠٦ی کۆچی مانگی کە کۆچی مێژوویی کورد لە باشووری قەفقاز بۆ ئازەربایجان و لەوێوە بۆ خار و وەرامین و لەوێشەوە بۆ خوراسان دەستی پێکردووە. بەشێک لە قەراچوەرلۆکان و شادلۆکان لە خار و وەرامین نیشتەجێ بوون. کورد لەو ناوچەیە لە گوندەکانی حوسێنابادی کوردان، عەلیاباد، قەڵعەخەرابە و جەلیلاباد نیشتەجێن. مەسعوود کەیهان لە ساڵی ١٣١١ی کۆچی مانگیدا ژمارەیانی بە ١٢٠ ماڵ نووسیوە[١٧].

**

## کوردانی تاران

کوردانی دەماوەند و خار و وەرامین: تایەفەکانی کوردبەچە، جابان (جاوان)، باجمانلۆ، سەربەندان (ئەبەرشیوە)، شادلۆ، سەلەسپوور، سیامەنسووری، زەعفەرانلۆ، ئیزانلۆ، (کلکۆ). (نافەری). (نەفەری)، چەهاردانگە، سەرئاسیاب، شهریار، ویرە، نشینگەی دەیان هەزار کەس لە تیرەی 'خەزەل'ە.

دانیشتووانی سەرەتایی هەندێ لە گەڕەکە دەوڵەمەندنشینەکانی شاری تاران و شەمیرانات کورد و لور بوون. بۆ نموونە دانیشتووانی خۆجێیی گەڕەکی 'قەیتەریە' کۆچبەرانی کورد بوون و دانیشتووانی خۆجێیی گەڕەکی 'کامرانیە'ش کۆچبەرانی کورد و لوڕ بوون.

**

## کوردانی قەزوین

تایەفەی یاری بەگی، مافی، کرمانی، وەلی یاری و.. کوردانی ناوچەی تاکستانی قەزوین و (زەنجان):زەعفەرانلۆ، ئەرامانلۆ، کەیوانلۆ، نەفەری،

---

[١٧] -تاریخچە قوم کرد/ .http:rasekhoon. Net/article/1035422

کلکۆ، قەراچوەرلۆ، عەمارلۆ، شادلۆ، بەرقی پوور (شادلۆ)، باوەنوور، قیتول. هۆزی غەیاسوەند و تایەفەکانی سەر بەو تیرانەش لە قەزوین نیشتەجێن؛ کە بە ڕەچەڵەک لەکزمانن.[٢٣] بەشێک لە هۆزی خەزەل لە شاری تارم و بە دیاریکراوی لە گوندی 'پیرقولیوەند'دا نیشتەجێن[٢٤].

**

## کوردانی ئەلبۆرز

لە شاری کەرەج و پارێزگای ئەلبۆرزدا بنەماڵەی کوردعەلی پوور و بەرقی پوور ریشەیان دەچێتەوە بۆ ناوچەکانی کوردی خۆرئاوای ئێران.

**

## تیرە و هۆزەکانی کورد لە خۆرهەڵاتی ئێران

## کوردانی خوراسان

لە پارێزگای خوراسانی شمالی و بەشێکگەلێک لە خوراسانی ڕەزەوییش هەندێ ناوچە هەن کە خەڵکەکەی بە زمانی کوردی دەدوێن، کە لەو نێوەدا دەتوانین ئاماژە بە ناوچەکانی: نیشیابوور، قوچان، شیروان، بجنورد، ئەسفەراین، دەرگەز، چناران، فاروج و باجگیران بکەین. کوردانی خوراسان بە پێی گێڕانەوەی مێژوویی، لە سەردەمی شاعەباسی سەفەوی لە ناوچەی خۆرئاوای گۆلی ورمێوە بە مەبەستی پارێگاریکردن لە سنوورەکانی ئێران، بۆ ئەم ناوچەیە کۆچێندراون و بە پێی گێڕانەوەیەکی دیکەش شاعەباس ئەوانی بۆ لاوازکردن و دامرکاندنەوەی سەرەڕۆیی میر و بەگەکانی کرمانج و سوودلێوەرگرتنیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەلامارە بێئەمانەکانی ئۆزبەکەکان بۆ خوراسانی گەورە کۆچاندوون[١٣].

---

[٢٣] -مدخل در دانشنامه ایرانیکا. .Kurdish tribes

[٢٤]- نسخه ارشیو شده. "بایگانی شده از اصلی در ١٧ دسامبر ٢٠١٧. درياف شده در ١٧ سپتامبر ٢٠١٩.

[١٣]-ک. توحدی اوغازی، حرکت تاریخی کرد به خراسان در دفاع از استقلال ایران،١٩٨١.

تایەفەکانی زەعفەرانلۆ: ئەرامانلۆ، سەعدانلۆ، کەیوانلۆ، عەمارلۆ، شادلۆ، باوەنوور لە قوچان کە هەموویان سەر بە هۆزی گەورەی حەسەنلۆن، کاوانلۆ لە رادکان، دوانلۆ لە مزوج و بجنورد، هۆزی عەمارلۆ و هۆزی موژدەکانلۆ لە نیشابور، ئیزانلۆ و عەمرانلۆ لە شیروان، شێخ ئەمیرانلۆ، سوڤانلۆ، پیچپەرانلۆ، شاملۆ، بەهادۆرانلۆ لە قوچان، پالکانلۆ لە جیرستان، پەهلەوانلۆ لە باجگیران و شیروان و ئەسفەراین و بجنورد، هۆزی تۆپەکانلۆ، تیتەکانلۆ، هەمزەلۆ ڕەشوانلۆ، ڕودکانلۆ، زێدانلۆ لە فاروج، سوکانلۆ لە ئوغار، کەم کیلانلۆ لە باجگیران، شوهان لە کاشمەر، سپەر سپەرانلۆ لە جیرستان، شەهرانلۆ، دەوڵەت خانی و شێخەکانلۆ لە ئوغاز و فاروج و چناران و قاسملۆ لە ئەسفەراین و و دەرگەز، تایەفەکانی شێخوانلۆ، باچوانلۆ (باجوانلۆ)، قەراچوەرلۆ، زێدانلۆ، مادانلۆ (مادەکان)، کیکانلۆ، پالکانلۆ، کەیوانلۆ، تورانلۆ دۆلە شانلۆ، ئەرتەکانلۆ، بێریوانلۆ، برانلۆ، سۆفیانلۆ، بادلۆ، کەپکانلۆ، گوشتانلۆ، گەیلانلۆ و...

**

***چەشمگەزەک لە خوراسان**

*کەلات: ئەردەلان، شارلۆ، گوشانلۆ، ترسانلۆ، بادلەلۆ و... هۆزی خەزەل (خەزایی) و دەتوانین ناوی تایەفەگەلێکی دیکەش بێنین کە لە سەرتاسەری ئێراندا بڵاوبوونەتەوە، کە دواتر باسی ئەوانیش دەکەین.

**

***هۆزی تۆپەکانلۆ**

تۆپەکانلۆکان یەکێک لە تیرە بەربڵاوەکانی پارێزگای خوراسانن، کە خۆیان بە (تۆپان) ناو دەبەن و وشەی تۆپانیش لە زمانی کوردیدا بە واتای تۆپەڵ و حەشاماتی خەڵک، یان تۆپەڵی دارودرەخت دێت. هەندێک ئەو واتایە بە هۆی قەرەباڵغی و زۆری ژمارەی تۆپەکانلۆکان لەنێو هۆز و تیرەکانی

خوراسانەوە دەزانن[٢٥]. ئەو ئەگەرە هەیە کە لەبەر ئەوەی ئەمانە لە کاری پیشەگەریدا شارەزاییان هەبووە و تۆپچی تۆپە جەنگییەکان بوونە، ئەو ناوەیان بەسەردا براوە. بە پێی بەڵگەی مێژووی زێدی سەرەکیی شوێنی سەرهەڵدانی تۆپەکانلۆکان بە ئەگەری بەهێز ناوچەکانی خۆرئاوای ئێران و کوردستان بووە. ئەمانیش وەکو گروپەکانی دیکەی کوردی خوراسان بەپێی ریزبەندی لە سەردەمی حوکمڕانیی شا ئیسماعیلی سەفەویی یەکەم (٩٠٧-١٥٠١/٩٣٠-١٥٢٤ی زایینی)، شا عەباسی یەکەمی سەفەویی (٩٩٦-١٥٨٨/١٠٣٨-١٦٢٩ی زایینی) و نادر شای ئەفشار (١١٤٨-١٧٣٥/١١٦٠-١٧٤٧ی زایینی) بۆ بەرەنگاریی بەرامبەر تورکمەن و ئۆزبەکەکان بۆ ئەو سەر مەرزانەی باکووری خۆرهەڵاتی ئێران کۆچێندراون[٢٦] و لە ناوچەکانی چەکنە، مەشهەد، جوین، نیشابور، دەشتی تەقی، دەرگەز، قوچان، شیروان، سەرخەس، ئەسفەراین و بینالودی پارێزگای خوراسان نیشتەجێ کراون.

جاران بەشێکی زۆری تۆپەکانلۆکان کۆچەر بوون و لە نێوان ناوچە کوێستانییەکانی قەدپاڵی چیاکانی شاهجیهان و ئاڵاداغ، لێواری ڕووباری ئەترەک و ناوچەکانی دەوروبەری مراوەتەپە و ناوچە گەرمەسێرییەکانی دەوروبەری سەرخەس، کەشف ڕود و مەزدووران گەرمیان و کوێستانیان دەکرد. کەسێک بە ناوی ئیڤانۆڤ کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمی زایینی لەنێو کوردانی خوراسان بووە، لەبارەی کۆچ و باری تۆپەکانلۆکان و یەکێتی وهاوبەستەییان لە کۆچکردندا سەرسوڕمانی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت: کۆچی تۆپەکانلۆکان کە چەند هەفتەیەک لە ڕێگایەکی درێژدا بەردەوام دەبێت، زۆربەی هەر بە ڕێکوپێکی و بێ ڕووداوی ناخۆش و بێ دزیکردن کۆتایی دێت. ئێستا زۆبەی تۆپەکانلۆکان نیشتەجێ بوونە و لە گوند و شارەکاندا ئاکنجین، بەڵام ژمارەیەکی کەمیشیان هێشتا لە نێوان گوندەکانی

[٢٥]-ک. توحدی، حرکت تاریخی کرد به خراسان ج٢، ص١٧١، انتشارات توس و اسفند١٣٦٦و١٣٧٨.
[٢٦] -ایوانف، نکتەهایی درباره کردها ج١، ص١٦٧.

شارەکانی ئەسفراین، بجنورد، بەردئەسکەن، چناران، دەرگەز، سەبزەوار، سەرخەس، شیروان، تەبەس و... پاریزگای خوراسان گەرمیان و کوێستان دەکەن (سەرژمێری،هاوڵاتیان، ٥٤-٧١).

زمانی دایکیی تۆپەکانلۆکان وەکو گوپەکانی دیکەی کوردی خوراسان کوردی و پێدەچێت شێوەزاریان سەربە شێوەزاری موکری بێت. تێکەڵاوی پێکەوەژیانیی کوردانی خوراسان لەگەڵ دراوسێ تورک و تورکمەنەکان لە چەند سەدەی ڕابردوودا، بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆر لە توخمە کلتوورییەکانی کوردی گروپە نەتەوەییەکانی کورد، لەنێویاندا زمان، جێی خۆی بداتە زمان و کلتووری تورک و تورکمەنی؛ لەو ڕووەوە ئیڤانۆڤ پێناسەی ناسنامەی کوردەکانی خوراسانی بە کێشە زانیوە و ئەوان بە تورکزمان، یان بە تورکمەنبوو دەزانێت، کە وردە وردە ناسنامەی کوردبوونییان لە دەست داوە[٢٦].

**

## *تایەفەی پەهلەوانلۆ

بەپێی بەڵگەنامە و ڕەچەڵەکنامەی هۆز و خێڵە کوردییەکانی خوراسان، کە لە بەرگی یەکەمی 'کۆچی مێژووی کورد بۆ خوراسان'، نووسینی کەلیموڵلای تەوەحودی، چاپ کراوە، تایەفەی پەهلەوانلۆ یەکێک لە تایەفە گەورەکانی زەعفەرانلۆی نیشتەجێی خوراسانە. تایەفەی پەهلانلۆ بە زمانی کوردیی زاراوەی کرمانجی سەروو قسە دەکەن. بە قسەی دکتۆر فارووق سەفی زادە، کرمانجەکان پاشماوەی ماناکان و گۆتییەکانن. کوردانی زەعفەرانلۆ بە پشتبەستن بە کتێبی 'عالەم ئارای عەباسی' و 'کۆچی مێژوویی کورد بۆ خواراسان' نەوەی ئەو جەنگاوەرانەن، کە دوای داگیرکردنی کوردستان لەلایەن ئیمپراتۆری عوسمانی لە سەردەمی سەفەویدا، لە

٢٦ -جامعەشناسی و مردم شاناسی ایلات و عشایر، دکتر حشمت الله طبیبی، انتشارات دانشگاه تهران، آذرماه١٣٧١.

ناوچەکانی دیاربەکر و دەرسیم هاتوونەتە ئێران. شا عەباس بەپێی فەلسەفەی 'ئیبن عەمید' کە دەیگوت دەبێ کورد بکڕینە سوپەری بەڵا (بەڵاگێڕ)، خان و بەگە کوردەکانی ڕازی کرد کە بێنە دەشتی تاران و وەرامین. کرمانجەکانیش لەبەر ئەوەی مێگەلی زۆریان هەبوو و ئەو داخوازییەی شا و پێداهەڵگوتنی دەشتی تاران لە ڕووی لەوەرگا و سەوزایی و بەپیتییەوە، قبوڵیان کرد کە بێنە دەشتی تاران. دوای دوو ساڵ نیشتەجێبوون لە تاران و خار و وەرامین، کوردەکان بە مەیلی خۆیان و بۆ پاراستنی سنوورەکانی باکووری خۆرهەڵات لە هێرشبەرانی ئۆزبەک، هاتنە خوراسان. کوردانی پەهلەوانلۆ لە ناوچەی دەوربادام و ئوغاز نیشتەجێ بوون و بە پێی قەباڵەیەک کە لە بەرگی یەکەمی کتێبی کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان چاپ کراوە، پەهلەوانلۆکان ٢٠ی شەوالی ١٣١٧ مانگی، کوێستانەکانی خۆیان فرۆشتووەتە خێڵی سێوەکانلۆ لە ئوغاز، بۆ چیاکانی نێوان شاری شیروان و ئەسفەراین کۆچیان کردووە. ئێستا پەهلەوانلۆکانی شیروان لە حەساری پەهلەوانلۆ، یان حەساری گلیانی شیروان و ئەسفەراینن. پەهلەوانلۆکانی ئەسفەراین بە شێوەیەکی پەرت و بڵاو لە زاری ئەسفەراین، درازپیی ئەسفەراین حوسێن ئابادی خانکوری ئەسفەراین و سورخ قەلعەی ئەسفەراین، نیشتەجێن. ژمارەیەکی زۆر لە پەهلەوانلۆکان لە کەلاتە پەهلاوانلۆکە لە گوندی بەدرانلۆی بێجنوردن.

هەڵبەت ژمارەیەکی زۆری پەهلەوانلۆکان لە شارەکانی بێجنورد، ئەسفەراین، شیروان، قوچان، مەشهەد و تاران نیشتەجێن. بە پێی قەواڵەیەک کە لە بەرگی یەکەمی کتێبی 'کۆچی مێژوویی کورد بۆ خوراسان' ڕوونووسەکەی لە ٢٠ی شەوالی ١٣١٨ی کۆچی مانگی چاپکراوە، لەو قەواڵەیەدا نووسراوە تایەفەی پەهلەوانلۆ مەسکەنی کوێستانیی خۆیان کە بریتیە لە کوێستانی 'کەلەم، بە بڕی ٦٠ تومەنی پارەی ئەوکاتی وڵات بە خێڵی سێوەکانلۆ فرۆشتووە، لە پەراویزی قەواڵەکەدا حەوت مۆری لێدراون

که شەش دانەیان دەخوێندرێنەوە.(١عەبدە نەوروزعەلی؛ ٢یا عەلی؛ ٣ئەلڕاجی حەسەن؛ ٤عبدە قرچغە؛ ٥محەمەد زەمان بن فەرەز عەلی؛ ٦....؛ ٧محەمەد وەلی).

ئەو قەواڵەیە تا ئێستاش لە لایەن قادر قولی خانی قوبادی کوڕی محەمەد حەسەن خانی کوڕی سەعادەتقولی خانی خێڵی کیکانلۆ پارێزراوە.

**

## کوردانی سیستان و بەلوجستان

*تایەفەکانی سۆهراب زایی، مستەفا زایی، میرابەلوچ زایی، گەدازایی، شەهکەرەم زایی، ئەڵلاڕەسان زایی، جەمال زایی، سالار زایی، عولەماخان زایی، میریەحیا زایی، مراد زایی، گول مەحموودزایی، ناگزی زایی، شەهموراد زایی، گەنگدا زایی، بولگاک زایی، مەتیم زایی، عەجەب زایی، کەرەم زایی، نارو زایی[٢٦،٢٧].

لە زابۆل (سیستان) و هەندێ ناوچەی بەلوجستان تایەفەیەک بە ناوی کورد هەیە، کە هەزاران ساڵ دەبێ لەو ناوچەیەن.

**

## تایەفەکانی کوردی خۆرئاوای ئێران

## کوردانی ئازەربایجانی خۆرهەڵات

قەراجەداغ (ناوی ئێستای ئەرەسباران) نشینگەی شەش خێڵی کوردی یارسان و هەروەها شیعەیە؛ کە ئەمڕۆکە زمانی تورکیی ئازەربایجانیان لەنێودا برەوی هەیە:

چەلەبیانلۆ

محەمەدخانلۆ

حوسێن ئوغلۆ

---

[٢٦،٢٧] kurdish tripes-

حاجی عەلیلۆحەسەن بێگلۆ
قەراچەرلۆ
هەروەها، لە ناوچەیەکی گەورەی باکووری خۆرئاوا و باکووری خۆرهەڵاتی میانە، شکاکە تورکزمانەکان هەن[٢٢].
**

**کوردانی ئازەربایجانی خۆرئاوا**

*کوردانی ناوچەی ماکۆ، شووت، پۆلدەشت، چایپارە، چالدێران و خوی: خێڵی جەلالی، بەگزادە، خێڵی پنیانشین، هۆزی شکاک، هۆزی میلان و هەرکی.

***کوردانی ناوچەی ورمێ و سەلماس**: تایەفەکانی هۆزی شکاک لە سەلماس، بەگزادە و هۆزی هەرکی لە خۆرئاوای ورمێ و تایەفەی مەندولکانی.

***کوردانی ناوچەی نەغەدە**: هۆزی زەرزا، هۆزی سادات.

***کوردانی ناوچەی پیرانشار**: هۆزەکانی موکری، مامەش، پیران، پیرانوەند، لاجانی (لاهیجانی) ساڵ ڕاد، خواجەوەند، مۆریک، سادات.

***کوردانی ناوچەی مهاباد**: هۆز و تایەفەکانی دێبوکری، مەنگوڕ، موکری، گەورک، عوسمان بەگی.

***کوردانی ناوچەی سەردەشت**: هۆز و تایەفەکانی باسک کولە، هۆزی گەورک، گاڵە، هۆزی کیومەرسی، بەریاجی، پشدەری، کلاشی و هۆزی موکری و هەمەوەند.

***کوردانی ناوچەی بۆکان**: دێبوکری، موکری، فەیزوڵلابەگی، گەورک، بابامیری.

***کوردانی ناوچەی مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ**: هۆزی هەرکی و کوردانی دری.

---

[٢٢]- روحانی، بابا مردوخ، تاریخ مشاهیر کرد (امرا و خاندان ها)، بخش دوم، جلد سوم،ص٤٣٥تا٤٤٠، شبک ١-٤٢-٣٧٦-٩٦٤ شابک.

***کوردانی ناوچەی شاهیندژ**: کەمێک لە هۆزی خەزەل (خەزایی) هۆزی چاردولی، موسڵانی و زەعفەرانلۆی گەرۆس.
***کوردانی ناوچەی شنۆ**: هۆز و تایەفەکانی هەرکی، زەرزا[27].
******

## کوردانی هەمەدان

*هۆزی چاردولی: چوادوڵییەکان لە شارۆچکەی ئەسەدئاباد لە خۆرئاوای پارێزگای هەمەدان نیشتەجێن. ئەسەدئاباد یەکێک لە چوار ئاواییەکانی شارۆچکەی ئەسەدئابادە. ئەو ئاواییە لە باکووری شارۆچکەکە هەڵکەوتووە و لە باکوور بە چاردوڵی شاری قوروە، لە باشورەوە بە ئاوایی جەلگەئەفشار، لە خۆرهەڵاتەوە بە چیای ئاڵماقوڵاغ و لەلای خۆرئاواشەوە بە ئاوایی کلیایی ئەسەدئابادەوە بەستراوەتەوە. بەشی ناوەندی باکووری ئاوایی، دەشت و باشووری خۆرئاوا و خۆرهەڵاتیشی کوێستان و ناوچەیەکی ساردە. زستانەکانی درێژ و هاوینەکانی خۆشن. گوندە چیاییەکانی لە کانی و سەرچاوەکان و گوندەکانی دەشتیش لە ڕووباری 'شەهاب' ئاودێری دەکرێن. بەروبوومی سەرەکیی ئاواییەکە: داغڵودان، دانەوێڵە، پیاز، تووتن و بەروبوومی ئاژەڵییە. ئەو ئاواییە لە ٢٧ گوندی گەورە و بچوک پێکهاتووە و ژمارەی دانیشتووانەکەی نزیکەی ٨هەزار کەسە؛ گوندە گرنگەکانی بریتین لە: کومەکی عولیا، کومەکی سوفلا، قومشانە، حەسەن ئابادی ئیمام، پیرەملۆ، ئەیوراع، قەرەبڵاغ و ئاهوتەپە. (لە فەرهەنگی جوغرافیایی ایران بەرگی ٥ وەرگیراوە) [٢٨،٢٧].

******

## بەهتووی (بێتوویی)

***هۆزی جەموور**

[27] -افشار، ایرج، فرهنگ ایران زمین، جلد ٢٠، ص٤١٢، محمدحسین مستوفی، آمار مالی نظامی ایران در سال ١١٢٨ هجری قمری.
[28،27]

تیرەکانی هۆزی جەموور:
شێخ محەمەد مەردوخی کوردستانی، جەموورەکان، لەسەر تیرەکانی باجەلان دادەنێت. باجەلان، کۆمەڵەیەکی 'خێڵی- هۆزایەتی'ن کە لە ئێران و عێراقدا بڵاون. محەمەد مەردوخ، مێژووی مەردوخ: مێژووی لوڕستان و کوردستان، سەنەندەج ١٣٥١هەتاوی، ل٧٨،٧٦.
(باجەلان، یان باجێلان، کۆمەڵەیەکی خێڵەکی- عەشائیری ، کە لە وڵاتی ئێران و عێراقدا دەژین. ناوی ئەو کۆمەڵەیە لە دەقە مێژووییەکاندا بە شێوەی 'باجوان (عەزاوی،١٨٤/٢)، باجەلەند (محەمەد کازم،٢٥٢/١، پەراوێزی١)، باج ئەلان، (ئسترابادی،٢٥١)، بەجوران و بەجێلان (مەکەنزی). لەبارەی ریشە و واتای باجەلان، تێڕوانینی جیاجیا هەن: عەزاوی ئەو ناوە بە ناوێکی تورکی و لە دوو وشەی لێکدراوی باج+ئالان، بە واتای باجگر، دەزانیت و ناوی بەشێک لە تیرەکانی باجەلانی وەک قازانلۆ، حاجیلەر، جەبوورلۆ و هەیوانلۆی بە نموونەی تورکبوونی باجەلانەکان زانیوە، ١٨٣٩/٢). محەمەدعەلی سوڵتانی، باجەلان بە وشەیەکی فارسی و پێکهاتوو لە دوو وشەی 'ڤاژ'ی پەهلەوی و ریشەی وشەی ئاوێستایی 'ڤاج" بە واتای وتە و گوفتار و ناوی یەکێک لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی دینی زەردەشتی و 'لان' بە واتای کەندوو، چاڵ و جێگا، دەزانێت و ئەو دەستەواژەیەی بە واتای نزاگە و شوێنی جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمی ئایینی لێکداوەتەوە و گوتویە لەبەر ئەوەی باپیرانی ئەو تیرەیە لە ڕێورەسمە ئایینییەکانی زەردەشتیدا ئەرکداری کاروباری تەشریفاتی بوونە، بۆیە ئەو تیرەیە بە باجەلان ناو نراون. (ایلات...٨٨٥-٨٨٦.) بەڵام سوڵتانی بۆ ئەم قسەیە و تێڕوانینەی خۆی هیچ بەڵگەوبەندێک ناخاتەڕوو.
لە ئێرانیبوون و تورکنەبوونی خەڵکی باجەلان و فارسیبوونی وشەی باج/باژ: خەراج و وەرگرتنی باج و خەراج گومانێک نییە. بە ئەگەری

زۆر وشەی باجەلان شێوەکەی دیکەی باجوان/ باجەوانی کوردی بە واتای باجگر، بڕوانە شەرەفکەندی٣٨)، واتە باجوەرگرە. لە باسی ڕەچەڵەکی باجەلانەکاندا نووسیویانە کە لە سەردەمانێکی زۆر کۆن تا قۆناخی قاجاری، ئەم گروپە پاسەوانی جادە و ڕێوبانەکانی سەر سنوور بوون و باجیان لە ڕێبواران و بازرگانان وەرگرتووە. (سوڵتانی، هەمان،٨٨٦؛ هەروەها بڕوانە: کرمانشاهان...،٨٢.)
چاوگی نەتەوەیی: باجەلانەکان خۆیان بە نەتەوەی کورد دەزانن، بەڵام توێژەران و مێژوونووسان، تێروانینی جیاوازیان لەبارەی سەرچاوەی نەتەوەیی ئەوان خستووەتەڕوو. هەندێک باجەلانەکان بە لوڕ دەزانن، وەک (محەمەد کازم. ٢٥٢/١، مەردوخ،٧٨/١؛ دوبۆد، ٤٣٠-٤٢٩) و هەندێکی دیکەش بە کوردیان دادەنێن، وەکو (نەعیما،١٧/٣؛ سوان "بەسوی میان رودان...١"،٤٠٧-٤٠٣، "ڕاپۆرتێک...٢"،٤٦؛ مەکەنزی، لەهەمان جێگا، تەوەحودی،٢/٦٣).
ئەو کەسانەی پێیان وایە باجەلانەکان سەر بە نەتەوەی لوڕن، ئەوان بە لقێک لە لەک (شیروانی، ٥٢٢؛ مەردوخ، هەمان؛ پەری،١٧؛ شیل، ، و لە باجلەوەندەکانی لورستان (ئەیزەدپەناه، ١٨٤/٢؛ ئەمانوللاهی،١٧٨) و یان لە لورەکانی فەیلیان زانیون. ئەو کەسانەیش کە باجەلانەکان بە کورد دەزانن، ئەوان جیاواز لە کوردانی کرمانج، بەڵکو بە لکێک لە کوردانی هۆزی جافیان دەزانن، کە دوای دەرگیری خێلەکیانە لە جاف جیا بوونەتەوە و بوونەتە تیرەیەکی سەربەخۆ. (بڕوانە: سوان، هەمان.) زەکی لە ژیاننامەی کۆمەڵایەتی و ناوچەیی هۆزی گۆراندا، باجەلانەکان بە تیرەیەکی گۆران کە گەورەترین و بەهێزترین هۆزی ناوچەکەبوون دەزانێت(ل٤٤٩). مەکەنزی، تەنیا لەو ڕووەوە باجەلانەکان بە کورد دەزانێت، کە دراوسێکانیان هەمیشە کۆچەرەکانی ناوچەی زاگرۆسیان، لەنێویاندا گۆرانەکان و لوڕەکانیان بە کورد داناوە. (بڕوانە (EI). 1/883,2: بە شێوەیەکی گشتی، بە

هۆی نزیکیی شوێنی نیشتەجێبوونی تایەفەکانی باجەلان لەگەڵ هۆزەکانی کەلهور، زەنگەنە، مافی و زەند لە لێواری خۆرهەڵاتی سنووری کرماشان، سنووری نێوان لوڕستان و کوردستان و تێکەڵاوی دوو کلتوری کوردی و لوڕی، باجەلانەکانیان بە تێکەڵەیەکی کورد و لور زانیوە. (پەری، هەمان.)
**

**پێکهاتە و دابەشکاریی خێڵەکی**

لە پێشینەی فۆرمەلەبوونی پێکهاتەی ئەو گروپە خێڵەکییە زانیارییێکی دروست لەبەر دەستدا نییە. لە ڕابردوودا، پێدەچێت باجەلان هۆزێکی گەورە، بەڵام پەیوەست بە پێکهاتەی خێڵەکی- هۆزیی جاف بووبێت (سوان، هەمان.٤٧). ئێستا، پێکهاتەی خێڵی- هۆزیی باجەلان لەبەریەک هەڵوەشاوەتەوە و بووەتە تیرە و تایەفەی جیاجیا و پەرتوبڵاو و لە ناوچەکانی ئێران و عێراقدا دەژین. لە سەرچاوە مێژووییەکاندا، ئاماژە بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی هۆزی باجەلان و چۆنێتیی گروپبەندی و تیرە و خزمایەتی و لایەنی ئابوویی نێوخۆیی خێڵیی نەکراوە و بە جیاوازیی لە ناوهێنانەکان باسیان لە تیرە و تایەفەکانی باجەلان کردووە. زەکی باجەلانەکان بە دوو لکی جەموور و قازانلۆ و ئەوانیش بەسەر ١٥ تیرەی باجەلاندا دابەش دەکات ل٣٩٨-٣٩٩). عەزاوی ئەو ١٥ تیرەیە بەم شێوەیە ناو دەبات (١٨٣/٢-١٨٤): قازانلۆ، چوارکڵاو، قەرییەوەن، فلەوەن، شێرەوەند، خدرەوەند، یان (خزرەوەن)، زوزەوەند، قەسرەوەند، حاجیلەر، سیکەوەند، ساروجە، جەبوورلی، هەیوانلی، قەراوەند و چوگەرلۆ. هۆمو سەرەکەکانی باجەلان لە تیرەی شێرەوەند دەزانێت. سوان لە ١٣٣١ی مانگی/١٩١٢ی زایینی (بەرواری بڵاوبوونەوەی کتێبەکە) ناوی ٦ تیرەی باجەلان دێنێت ("بەرەو میزوپۆتامیا"، کە ناوی دوو تیرەی جەموور و دندەوەند لە پێڕستی تیرەکانی کتێبی 'عشائر العراق'ی

عەزاویدا نەهاتوون. هەندێک جەموور بە هۆزێکی سەربەخۆ و جیا لە باجەلان (رەزم ئارا،٢٣، سرشماری...،١٣، سەر بە جەمهوور) و بەشێک وابەستەی باجەلانیان زانیون و گوتویانە چونکە زەویی کشتوکاڵیان نەبووە و خەریکی مێگەلداری بوونە، لە باجەلان جیابوونەتەوە (سوڵتانی، هەمان، ٨٨٤). کۆمەڵێک لە تایەفەی جەمووریش لە هەمەدان هەن (فەیروزان، ١٩،٢٤).

تیرە سەرەکییەکانی هۆزی جەموور/جەمیر بریتین لە: جەموور، شاهوەیسی، بەراز، گومە، عەبدەلی، جەعفەری، کەرەمی، چراغی.

تیرە لاوەکییەکانی هۆزی جەمووریش بریتین لە: وەیسی، بەرازی، پەرویزی و... ئەو هۆزە لە فەرمانگەی پارێزگای هەمەداندا بە ناوی هۆزی محەمەدرەزاخان، رەزاپووریش تۆمار کراوە، لە بەرزاییەکانی چیای ئاڵموبڵاغ، یان ئاڵمابلاغ/ دروستەکەی ئاڵماقڵاق/ کە لە لایەک بەسەر جادەی هەمەدان- سنە و گوندی هەمەکەسی و لە لایەکی دیکەش بە سەر شارۆچکەی ئەسەدئابادا دەڕوانیت. لەوەڕگەکانی بە ناوی "لەوەڕگەکانی جەموور" لە فەرمانگەکانی پاوان و لەوەڕگە سروشتی و کشتوکاڵییەکانی پارێزگای هەمەدان تۆمار کراون.

سەبارەت بە ڕەچەڵەک و سەرچاوەی ئەو هۆزە، تێڕوانینی جیاواز هەیە. هەندێک بە تیرەیەکی سەربەخۆی هۆزە کوردییەکانیان دەزانن و هەندێکی دیکە گوندی باجەڵان لە کوردستانی عێراق بە زێدی ئەوانە دادەنێن. بەشێک لە جەموورەکان لە ناوچەی خانەقین و مەندەلی لە عێراقدا دەژتن، کە چەند دەیەیە پەیوەندییان لەگەڵ جەموورەکانی ئێراندا پچڕاوە. لە هەندێک سەرچاوەشدا لە نێویاندا ئەبلت بە لوڕیان دەژمێرن کە ئەمە تەواو نادروستە، ئەوان بە هیچ شێوەیەک پەیوەندیان بە هۆزە لوڕەکانی ئێرانەوە نییە.

لە کتێبی شەرەفنامەی بەدلیسی/دا کە لە سەردەمی سەفەوی و سەبارەت بە ناساندنی هۆز و خێڵەکانی کوردستانی گەورەدا

نووسراوە، ناوی هۆزی جەموور/ جمیر نەهاتووە و هەر ئەوەش بووەتە مایەی ئەوەی کە لێکۆڵەران سەبارەت بە دیاریکردنی وردی ناسنامەی خێڵی و هۆزیی ئەواندا ڕووبەڕووی کێشە ببنەوە. وا پێدەچێت لەوی سەردەمیدا هۆزی جەموور بەشێک بووبێت لە هۆزێکی گەورەتری کورد.

یەکەمین جار کە ناوی هۆزی جەموور لە مێژوودا دەرکەوێت، لە کتێبی 'روزنامە خاطرات"ی محەمەد حوسێن ئیعتیمادولسەڵتەنەدا بووە. بە گوێرەی نووسینەکەی ئەو، لە کۆتاییەکانی قۆناغی ناسرەدین شا، فەرمانڕەوایانی ئستراباد/ گورگان بە پایتەخت ڕاگەیەندراوە، کە هۆزی جەمووری تورکمانی لە سنووری تورکمەنستانی ڕووسیای تزارییەوە هاتوونەتە ئێران و ویستوویانە لە ئێراندا بمێننەوە و ببنە هاوڵاتی ئێرانی. ئەو ڕاپۆرتە کورتە، ئەگەر بە ڕاپۆرتێکی ڕاست و وردی بزانین،، دەرخەری ئەوەیە کە جەموورەکان بەر لەوەی لە خۆرئاوای ئێراندا نیشتەجی ببن و ناسنامەی کوردی وەربگرن، لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی مازەندەران نیشتەجێ بوونە و ڕەچەڵەکێکی تورکمانیان هەبووە، بەڵام پیر و بەساڵاچووانی ئەو هۆزە، زۆر بە توندی ئەوە ڕەت دەکەنەوە و خۆیان بە هۆزێکی کوردی سەربەخۆ لەنێو سیستەمی هۆزە کوردییەکانی ئێران و عێراق دادەنێن.

دووەمین جار کە ناوی هۆزی جەموور لە مێژوودا دەرکەوتەوە، بۆ ڕووداوەکانی ساڵی ۱۲۹۱ی هەتاوی و سەرهەڵدانەکەی شازادە سالارولدەولەی قاجار، برای محەمەدعەلی شای لادراو لە ناوچەکانی خۆرئاوای ئێران دەگەڕێتەوە. لەو ساڵەدا هێزە ڕەوانەکراوەکان لە تارانەوە بە فەرماندەیی شازادە عەبدولحوسێن میرزای فەرمانفەرما، بۆ سەرکوتکردنی هێزەکانی شازادەی ڕاپەڕیو سالارولدەولەی قاجار، کە لە هەوڵی گەڕاندنەوەی پاشایەتیی محەمەدعەلی شا و تێکشکاندنی بناخەی مەشروتییەت بوو، لە هەمەدانەوە بەرەو کوردستان کەوتەڕێ،

بەڵام لە نیوەی ڕێگا و سی و چەند کیلۆمەتری هەمەداندا ڕووبەڕووی هێزە عەشایرییەکانی سەرتیپ عەبدولباقی خانی چاردۆلی بووەوە، شکستێکی گەورەی خوارد و بەرەو هەمەدان پاشەکشەی کرد.
لەو نەبەردەدا بەشێک لە سوارانی هۆزی جەموور لەنێو هێزەکانی عەبدولباقی چاردۆلیدا بوون. لەو شەڕەدا فەرمانفەرما بریندار بوو و تۆپە ئەشنایدەرەکانی هێزەکەی کەوتنە دەستی دوژمن.
لە قۆناغی فەرمانڕەوایی قاجاردا، بەشێک لە هۆزی جەموور لە گوندەکانی سەر بە شاری ئەسەدئاباددا نیشتەجێ بوون و شێوازی ژیانی خۆیان گۆڕی.
بە درێژایی ١٥٠ ساڵی ڕابردوو، ناسنامەی هۆزی جەموور زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە، زۆر لە ئەندامانی ئەو هۆزە، لە شارەکانی هەمەدان و کرماشان و ناوچە لادێییەکانی نێوان ئەو دوو شارەدا نیشتەجێ بوونە و تێکەڵی کۆمەڵگەی شارنشین و گوندنشینی ناوچەکە بوون.
لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا، گوندی 'وەلی ئاباد'ی سەر بە شاری ئەسەدئاباد، گوندی 'سووری' و 'عەبداڵان' لە شاری تویسرکان، گوندی 'هەمەکەسی'ی شاری بەهار لە پارێزگای هەمەدان و گوندی 'ئاسیاو'ی سەر بە شاری سەنقەری کلیایی، زادگای بنەماڵەکانی ڕەزاپوور جەموور، ڕەزاپوور و ڕەزایی لە هۆزی جەموور بووە.
بێگومان شەڕی داسەپاوی عێراق لە ٣١ی شەهریوەری ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی و لە دەستچوونی ناوچە گەرمەسێرییەکانی پاییز و زستانی هۆزی جەموور، لە ناوچەی 'سەراب دیرە'ی سەر بە شاری سەرپولی زەهاو، کاریگەرییێکی زۆری لەسەر ڕوخسار و پێکهاتەی هۆزی جەمووردا هەبووە و بەشێکی گەورەی ئەو هۆزە بە ناچاری لە شاری کرماشاندا نیشتەجێ بوون. جەموور بە تیرە کوردییەکانی جەعفەری، زووڵە و قەتولی پەیوەندیی خزمایەتییان هەیە. ئەو هۆزە

لە ماوەی جەنگی هەشت ساڵە لەگەڵ عێراقدا زۆر لە سەردارانی شەهیدی وەک نیعمەتوڵڵا جمهور، حاجی قوربان جمهور، بەختیار جمهور، عەباسعەلی و لوتفعەلییان داوە.
لە گەورەکانی هۆزی جەموور، لە سەدەی ڕابردوودا دەتوانین ناوی ڕەزاقولی خانی جەموور، محەمەدڕەزا خان ڕەزاپووری جەموور، غولام خان ڕەزاپووری جەموور و باباخان ڕەزاپووری جەموور بێنین.

**

*** کەلهوڕ**

کەلهوڕ، خاوەنی ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەیە:
هۆزی کەلهوڕ، یەکێکە لە هۆزەکانی کورد و لە لکە سەرەکییەکانی دانیشتووی سەرتاسەری کوردستانی گەورە، لەنێویاندا خۆرئاوای ئێران.
کەلهوڕی (میانە)، یەکێک لە گوندەکانی پارێزگای ئازەربایجانی خۆرهەڵات.

**

***خەزەل (خەزایی)**

**خەزەل**

خەزەل یەکێک لە خێڵەکانی کوردە[1-7]. کوردانی خەزەل لە پارێزگاکانی ئیلام، کرماشان، لوڕستان، هەمەدان، خوراسان، مازەندەران و پارێزگای ئازەربایجانی خۆرئاوا و پارێزگاکانی دیکەدا دەژین.
ئەنسکلۆپیدیای ئیرانیکا باسی لە هۆزی خەزەل وەک بەشێک لە کوردانی بەدلیس و ئامەد لە باکووری کوردسان کردووە.[8]. دکتۆر

---

[1-7] – مینورسکی ولادیمیر، سازمان اداری حکومت صفوی، ترجمه مسعود رجب نیا، تهران، چاپ دوم،١٣٦٨، صص٢٤و٢٥.ش
[8]- (ajavand- iranicaonline).

فلیتز ئیزل، لە باسکردنی کوردانی سوریەدا، ئاماژە بە هۆزی هیزول، یان هیزەل (HEZEL) دەکات و ئەوان بە بەشێک لە هۆزی خەزەل لە کوردانی فەیلی ئێران دادەنێت[٩]. فریا ئستارک، لە کتێبی (سفرهای فارسی)دا باس لە کوردانی هیزەل (HEZEL) وەکو خەلکانی شێروان لە ئیلام دەکات[١٠]..

**خەزەلی (ئیلام)**

هێنری ڕاولینسۆن، وشەی خەزەل بە گۆڕینی وشەی خزر دەزانێت و لەو باوەڕدەایە کە کەسێتیی 'خزر' لەنێو موسڵمانەندا هەمان ئەلیاس پێغەمبەری یەهودییانە و ناوی هۆزی خەزەل لە ناوی ئەوەوە وەرگیراوە[١١]. هەروەها بەشێک لە گێڕانەوە ئەفسانەییەکان، ڕەچەڵەک و زادگای خەزەلەکان دەگێڕنەوە بۆ ڕۆستەم، پاڵەوانی ئەفسانەیی-جەنگاوەریی ئێرانیان[١٢].

نشینگەی هۆزی خەزەل پارێزگای ئیلامە و زێدی سەرەتایی هۆزەکەش کوردستانی عێراق بووە[١٣]. ئەو هۆزە لە پارێزگای ئیلامدا بە زمانی کوردی دەئاخڤن[١٣،١٤]. نشینگەی بنەڕەتی هۆزی خەزەلی کورد، شاری سیروان- چەرداول و ناوەندی شاری ئیلامە[١٥،١٦]. بەشێک لەو خەڵکە لە پارێزگای کرماشان دانیشتووی شاری قەسری شیرین و ماهیدەشتن. ئەوان لە سەردەمی ڕەزاشادا لە ئیلامەوە بۆ ئەو شارە ڕاگوێزراون. هەروەها دانیشتوانی شارەدێی فەعلەگەری لە ناوچەی کلیایی پارێزگای کرماشان لە ڕووی نەتەوەییەوە بە کوردی خەزەل دەژمێردرێن.

---

٩ -روحانی، بابا مردوخ، تاریخ مشاهیر کرد (امرا و خاندانها)، بخش دوم، جلد سوم، ص٤٢٣..

١٠ -نسخه آرشیو شده. "بایگانی شده از اصلی در ١٧ نوامبر ٢٠١٦. درتافت شده در ٣٠ژوئیه٢٠١٧.
١١ -مسعود کیهان. جغرافیای مفصل ایران.١٣١١.
١٢ -ڕاولینسون. هنری لرزیک. سفرنامه راولینسون: گذر از ذاهب به خوزستان. ترجمه سکندر امان الهی بهاروند. تهران١٣٦٢،١٥٢.
١٣ -دانشنامه آزاد ایلامیان، طوایف کرد ایلام.
١٣،١٤ -دانشنامه آزاد ایلامیان-احمد رضوی، ٢٠٠١، (شوشستان یا خوزستان/ به عربی).
١٥،١٦ - سازمان جغرافیائی نیروهای مسلح ایران،٢٠٠٦- فرهنگ جغرافیایی آبادیهای کشور، استان خوزستان. سازمان جغرافیایی نیروهای مسلح.

**دانیشتووان**

کتێبی ڕەزاشا و سیستەمی هۆزایەتی، هۆزی خەزەل لە ئیلام بە شەش تیرەی شەمسیوەند، چەرداوڵ، هەلیلان، مورشدوەند، قولی وەند و خەزەلوەند ناو د[١٧]ەبات، بەڵام لە کتێبی جوگرافیای لورستاندا ئاماژە بە تایەفەی فەرهادوەندی هۆزی خەزەلیش کراوە. هۆزی حەبیب وەندی لە هۆزەکانی ناوچەی سەرپوڵی زەهاو و کەرەند لکێکی هۆزی خەزەلن. گۆڤاری فەرەنسی 'خۆرهەڵاتناسی'، ناوی خەزەلی دانیشتووانی داڵاهۆ وەک هاوڵاتیانی لەکی پەیڕەوی ئایینی یارسان دێنێت[١٨]. عەباس ئەلعەزاوی لە کتێبی هۆزەکانی عێراقدا، 'ئال کوردی' و 'کوردیدی' بە دوو تایەفەی خەزەل لە ناو جوگرافیای عێراق ناو دەبات. کەنالی ڕۆشنبیری عێراق لە سەر زاری دکتۆر خەلیل ئەلدلێمی، تایەفەکانی کوردی دیوانییە، "ئاریایی ئەڵمان نەژاد" دانیشتووی ناوچەی 'ئەلمیهناوی' و ڕەچەڵەکیان بە 'ئال عیمران' دادەنێت، کە کوردانی خەزەل بوونە [١٩،٢٠]. ئەحمەد مەندەلاوی، هۆزی خەزەل بە یەکێک لە هۆزە ڕەسەنەکانی کوردی نیشتەجێی مەندەلی دادەنێت. مەندەلاوییەکان لە هۆزی خەزەلن، کە بە شێوەزاری لەکی قسە دەکەن. شێخ ئازاد حاجی حەمید سەرۆکی ئەنجوومەنی شاری مەندەلی لە ساڵی ٢٠٠٣ ئاماژە بە گۆڕینی زۆرەملێی ناوی بنەماڵەیی خەڵکی مەندەلی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە دەکات، کە تیایدا ناوی خێزانیی باوەلی، هەواسی، خێزەل و خالێی بۆ ئەلباوی، ئەلعەباسی، ئەلخزاعل و ئەلخالدی گۆڕێوە. بەپێی نووسینی کتێبی 'فاتحان میمک' هۆزی خەزەل لە ئیلام پێکهاتوون لە تیرەکانی مورشدوەند، قولیوەند، خزروەند و شەمسیوەند[٢١].

---

١٧ -مولایی. حمیده (٢٠١٨-٩-٢٣. ٠عوامل مؤثر بر انطباق بین فرهنگی دانشجویان خارجی در ایران.

١٨ -فصلنامه تحقیقات فرهنگی ایران١١.

١٩،٢٠ –(131-159.doi;10.22631/jicr.2018.1992).

٢١ -مدخل، در دانشنامه ایرانیکا.

## مێژووی هاوچەرخ

لە کۆتاییەکانی حوکمڕانیی قاجاردا، هۆزی خەزەل دژی غولامڕەزا خانی فەیلی ڕاپەڕیون، کە ئەمە بووە هۆی کۆچپێکردنی بەشێک لە خەڵکی خەزەل بۆ ناوچەکانی قسەری شیرین (کەرکەهرەگ) و گەیلانی خۆراوا (چەمی ئیمام حوسین).

هێنری ڕاولینسۆن دەڵێت:

" لە چادرەکەی جەمشید بەگی سەرۆکی هۆزی خەزەل دابەزیم. ئەو کەسە هەمان ئەو پیاوەیە کە ماوەیەکی زۆر لە چاردە ور (چەرداول)دا نیشتەجێ بووە و لەگەڵ تیرە گەورەکانی فەیلیدا هاوپەیمان بووە". من لە هەڵسوکوت و ڕەفتاری بێپەروای خاوەن ماڵەکەم کە لەگەڵ حاڵەتی مەراییکەرانە و چاپلووسانەی ئێرانیان و تا ڕادەیەک کوردانی کرماشانیش جیاواز بوو، بێئەندازە خۆشحاڵ بووم. ئەو زۆر ئاساییانە منی بۆ ژێر چادرەکەی خۆی بانگ کرد و بەخێرهاتنی کردم و تەواو دیار بوو کە ڕێزگرتن لە کەسێکی ئەوروپایی بەلایەوە زۆر سەخت بوو.

Notes on march from zohab, at the foot of zagros, along the-jamshid beg mountains to khuzistan (Susiana), and from thence through the province of luristan to kirmanshah, in the year 1836-page50

## ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی مەیمەک

ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی مەیمەک، یەکەمین سەرکەوتنی هێزەکانی ئێران لە جەنگی نێوان ئێران- عێراقدا بە هاوکاریی هۆزی خەزەل و لەگەڵ سوپای ئێران لە ڕۆژی ١٩ی مانگی دێی ساڵی ١٣٥٩ ئەنجام درا[٢٢،٢٣،٢٤].

ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی مەیمەک لەژێر ناوی خوارەزم و بە ئۆپەراسیۆنی زولفەقاریش بەناوبانگە[٢٥]، ئەمە بە ئۆپەراسیۆنێکی

---

[٢٢،٢٣،٢٤] -عبدالله شهبازی، مقدمه بر شناخت ایلات و عشایر، تهران: نشر نی١٣٦٩.

[٢٥] -جمشید صداقت کیش: کردان پارس و کرمان سال١٣١٨.

سەربازی دەگوترێت کە لە نۆزدەی دێی ساڵی ١٣٥٩ هۆزی خەزەل لە پارێزگای ئیلام بۆ گرتنەوەی بەرزاییەکانی مەیمەک لە ئیلام لەگەڵ هێزەکانی عێراقی کردیان و ئەو ناوچەیان وەرگرتەوە. هەرچەند کەمتر لەبارەی ئەو ئۆپەراسیۆنەوە لەسەر ئاستی ڕاگەیاندنەکانی وڵات قسە کراوە. پلان و سەرپەرشتی ئەو ئۆپەراسیۆنە لەلایەن سەرهەنگ موحسین سەفیری ئەنجام دراوە[٢٦].

لە ١٨ی شەهریوەری ٥٩ بەر لە دەستپێکردنی فەرمیی جەنگ، عێراق پەلاماری خاکی ئێرانی دا و توانی دوو پاسگای ئێرانی وێرای بەرگری، بە هۆی بەربڵاوی و هێزی زۆرەوە داگیر بکات و بەم شێوەیە پاسگاکانی 'نی خەزەر' و 'هەڵاڵە' و بەرزاییەکانی مەیمەک کەوتنە دەستی هێزەکانی ڕژێمی بەعسی عێراقەوە.

ئۆپەراسیۆنی گرنگ و ستراتیژیی گرتنەوەی مەیمەک، یەکەمین ئۆپەراسیۆنی سەربازی بوو لە مێژووی جەنگی هەشت ساڵەی داسەپاو، کە بە گیانفیدایی و ئازایەتیی خەڵکی قارەمانی هۆزی خەزەل و سوپای کۆماری ئیسلامی ئێران لە ١٩ی دێی ١٣٥٩ بە یەکەمین سەرکەوتنی جەنگاوەران تەواو بوو[٢٧-٣١].

## هەزۆ (باتمان)

هەزوان (hazoan)، کە بە 'حەمزەکان'یش ناوی بردراوە، پەیوەندی بە 'هەیزان'، یان 'هەزبان'ەوە هەیە[٣٢-٣٤]. هەزوان، یان هەزبان بریتین لە تیرەکانی کورد کە ناوچەکانی نێوان هەمەدان و هەولێر بە زێدی ئەوان دادەندرێت. دوا بە دوای مەرگی یازتا، جێنشینەکەی ئەو مونبازی دووەم بووە پادشا. ئەو لە شەڕێکدا لە گەڵ تراژان بە دیل گیرا و کوژرا وماڵباتی پاشایەتیی ئەو، چوونە هەمەدان و نەوەکانیان

---

٢٦

٢٧-٣١

٣٢-٣٤

دواتر لە نێوان  دوو دەریاچەی وان و ورمێدا میرنشینی 'ئاتوونی'یان پێک هێنا. تومانۆف ڕەچەڵەکنامەی ئەرمەنی ئاتوونی بە ماد دەزانێت. کۆمەڵێک لە ئاماتوونییەکان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ساسانیدا بۆ گۆرگان دوورخراونەتەوە و کۆمەڵێکی دیکەشیان بۆ گورجستان، لەنێویاندا یاکوف ئیڤانۆڤیچ ئاماتوونی. لکێکی دیکە لە ئاماتوونییەکان لە ساڵی ١٩١٧-١٩١٨ بە نازناوی هۆزیایەتیی ئاماتوونی ئەرەسباران (قەرەداغ) ناویان هاتووە.

تیگلێت-پیلسەر لە ساڵی ٧٣٧ی پێش زایین، بۆ جاری دووەم لەشکرکێشی کردە سەر زاگرۆس و هاتە ناو وڵاتی مادەکان. ئەو لە بارەی ئەو لەشکرکێشییەی خۆی و دەقەکانی دیکەی خۆیدا کە زۆربەیان لە 'کەلخوی باستان' دەست کەوتوون، لە چوار بەردەنووسدا و هەروەها لە درێژەی ناوەکانی سەرزەمینی گیشەسیم، خەرخار، بیت سگبت، بیت ئیشتەر ئاماژە بە کێوی سیلخزی، یان سیل هەزۆ، کە لە قەڵای بابلیشدا دەخوێندرێتەوە، دەکات[٣٥]. سیلخزی، یان سیل هەزۆ لە خۆر هەڵاتی سەرزەمینی مایشتا و نزیک کێوی ئەڵوەند هەڵکەوتووە[٣٦]. ناوەندی دێرینەناسیی زانکۆی تاران، لە ژمارە {ژمارەکە نەنووسراوە} (from mount silhzau to mount bikni) شوێنی کێوی سیلخزوی لە هەمەداندا داناوە[٣٧].

'موسس خورناتسی' ناوسراو بە باوکی مێژووی ئەرمەنی، نووسەری کتێبی مێژووی ئەرمەنستان، خانەدانی کامساراکان بە نەوەی پیرۆزماد(perozmat)ی نەهاوەندی و لە بنەماڵەی کارن دادەنێت. سەد ساڵ دوای سەرکەوتنی عارەب بەسەر دەوڵەتی ساسانی لە ساڵی ٧٧٤ی زاینیدا، گرەگر و پیاوماقووڵانی ئەرمەنستان (ناسراو بە نەخودار، یان ناخارار) لەنێویاندا کامساراکان سەرهەڵدانێکی

٣٥

٣٦

٣٧

گەورەیان کرد. نەبەردی باگرەڤاند (bagrevand) لە نزیکی ئاگری بە سەرکەوتنی عەباسییەکان بەسەر ئەمیگۆنیان تەواو بوو. ئەو شکستە ڕێی بۆ ئیسلام کردەوە خۆی بگەیەنێتە قەفقاز[٣٨،٣٩]. دوای جەنگی باگرەڤاند، پەهڵەوانییەکان کە لکێک بوون لە کامساراکان، ناوبانگیان دەرکرد. لە سەدەی یازەدەهەم، پەهڵەوانییەکان زۆر قەڵای جیاجیایان لەنێویاندا لە سەرتاسەری ئەرمەنستاندا کۆنترۆڵ کردن و دروستیان کردن و لە تەواوی کاروباری وڵاتدا ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو. تومانۆف هەردوو ماڵباتی هەتومی و مخارگەردزەلی بە پەهڵەوانییەکان دەزانێت[٤٠]. مخارگەردزەلی کە بە ناوی زەکریان دەناسران، لە بنچینەدا کورد بوون[٤١-٤٥]. بەشێک لەو زنجیرە ماڵباتییە پەیڕەوی ئایینی ئێزدیان بوون[٤٦]. ڕۆمەکان دوو جار لە ساڵانی ١٠٤١-١٠٤٢دا پەلاماری ئەرمەنستانیان داوە. هێزەکانی ئەرمەنی هیچ فەرماندەیەکیان نەبوو. زۆر ناوچەی ئەرمەنستان کەوتە بەر دەستی ڕۆمەکان و شار و لادێی زۆری ئەرمەنستان وێران کران. پاشماوەی سەربازە شکستخواردووەکانی ئەرمەنی چوونە لای وەهرام پەهلاڤونی و داوای یارمەتی و فەرماندەییکردنیان لێ کرد. ئەو سێ لەشکری ئیمپراتۆریی بیزانسی ناچار بە پاشەکشێ کرد. دەوڵەتی بیزانس هەوڵێکی زۆری دایەوە، کە دیسان ئەرمەنستان داگیر بکات و بیخاتە سەر خاکی خۆی، بەم شێوەیە لەشکرێکی گەورەی بۆ جەنگ دژی ئەرمەنستان ڕەوانە کرد و لە هەمان کاتیشدا پادشای ئەلبانیای قەفقازیشی هان دا لە لای خۆرهەڵاتەوە پەلاماری ئەرمەنستان بدات، بەڵام لە نەبەردییێکی سەختدا کە لە بن دیوارەکانی شاری 'ئانی'دا ڕووی دا، ژەنەراڵ وەهرام پاهلاڤونی، سوپای بیزانسی وا تێکشکاند

---

٣٨،٣٩

٤٠

٤١-٤٥

٤٦

که ڕۆمەکان ۲۰۰۰۰ کوژراویان لێ بەجێ ما. ئەو سەرکەوتنە ئەو دەرفەتەی دایە وەهرام پاهلاڤونی کە گاگیگی دووەم لەسەر تەختی پاشایەتیی ئەرمەنستان دابنێت و دواتر قەڵای ئانی کە لە دەستی "وست سەرکیس' و لایەنگرەکانیدا بوو، بگرێت[٤٧-٤٩].

هەروەها باس لە کوردانی هەزۆ هەر لە شنۆوە تا مەراغە و تەورێز کراوە[٥٠-٥٢]. بە گوێرەی کتێبی شەرەفنامە،کوردانی شەدادی لە ئەرمەنستان و ئازەربایجان و هەندێک لە ناوچەکانی گورجستانی ئەمڕۆدا فەرمانڕەواییان کردووە. شەدادیان لە کوردانی ڕەوادی بوون، کە هەڵبەتە ڕەوادییەکانیش خۆی بە بەشێک لە کوردانی هەزۆ هەژمار دەکران. مینورسکی، لە پشتبەستن بە سەرچاوەکانی ئەرمەنی، شەدادییەکان بە پاشماوەی خانەدانی پاشایەتیی ماد دادەنێت، کە دوای ڕووخانی دەوڵەتی ماد، بۆ بناری چیاکانی ئەرارات ڕایان کردووە. یەکەمین کۆمەڵەی تورکەکانی غۆز، لە سەردەمی سوڵتان مەسعودی غەزنەوەی هاتنە نێو ئازەربایجان و پەلاماری مەراغەیان دا. وەهسودان بە یارمەتیی ئەبولهەجا کوڕی ڕەبیبولدەولەی ڕێبەری کوردانی هەزبانی فەرمانڕەوای ورمێ، بەرنەگاریان بوونەوە و تێکیان شکاندن.. لە ساڵی ٤٤٦ی کۆچی 'تۆغرۆڵی سەلجوقی' لەشکری کردە سەر ئازەربایجان و ڕەوادییەکانی ڕاو نا. دەوڵەتی ڕەوادی لە ساڵی ٤٦٣ی کۆچی بە بەرکەنارکردنی مەملانی دوایین فەرمانڕەوای ڕەوادی لەلایەن ئالب ئەرسەلانی سەلجوقی کۆتایی پێهات و خەڵکی هەزۆ بۆ ناوچەکانی هەکاری پاشەکشەیان کرد. لە تەورێز و ورمێ پاشماوەی هەزۆ بە ناوی خێزانیی هەزۆیی و هەزایی و لە باتمان بە ناوی هەزەوی، خێرزان و حەمزەکان (هەمزەکان) ناسراون. بنزاری کوردی لە ناوچەکانی ئەلازیغ، بنگۆل و دیاربەکر

---

٤٧-٤٩

٥٠-٥٢

و هەندێ ناوچەی سەرووی ڕووبارەکانی فورات، قزل ئیرماق و موردا، زازاکی (ناوەکانی دیکەی دیلەمی، زازاکی و زازاکی باشووری و سیڤەرەکی، کوری، هەزۆ، مۆتکی)، دامیلی و چەندین بنزاری دیکە، دەگەڕێنەوە سەر شێوەزاری گۆرانی[٥٣]. هەروەها خەڵکی هەزۆ لە ئازەربایجان بە زمانی تورکی ئازەربایجانی و کرمانجی قسە دەکەن.

**حەزوانلۆ: (hazoanlo)**

هۆزی کرمانجی سەر بە حەزۆ (hezoye) حەزوانلۆ بە بەربڵاوی لە بێجنورد و قوچان و دەوروبەری 'گەلمەکان' لە نزیک مەشهەد هەن و بە حەمزەوانلۆ و حەمزەکانلۆ، یان هەمزە کانلۆ (حەمزەکی) بەناوبانگن. یەکێک لە کەسایەتییە بەناوبانگەکانی حەزوانلۆ، حاجی خان حەمزەکانلۆ، کە فەرماندەیی گرتنی دێهلی کردووە، یەکێکە لە فەرماندە گەورەکان و باڵیۆزی نادر شا بووە لە درباری ئیمپراتۆریی ڕۆم و بەگلەربەگی قەفقاز بووە. "حاجی خان حەمزەکانلۆ" کە ئەو لە هەندێک کتێب و سەرچاوەدا بە چەشمکەزەکیش ناوی هاتووە، هەمیشە لەگەڵ نادر شادا بووە و لە جەنگی دژی ئەفغانەکان و تەیمورییەکانی هینددا هاوڕێیەتی کردووە. حاجی خانی حەمزەکانلۆ هەمیشە دوو فرسەخ لە پێش نادرشادا ڕۆیشتووە و شارەکانی کابول، پیشاوەر، لاهوور و دێهلی گرتوون و دواتر وەک باڵیۆز لەلایەن نادرشاوە دەنێردرێتە لای سوڵتانی عوسمانی و ماوەیەکیش فەرمانڕەوای گەنجە بووە[٥٤-٥٥].

**هیزان: (hizan)**

---

٥٣

٥٤-٥٥

یەکێکە لە هۆزە کوردەکانی نیشتەجێی مووش لە کوردستانی باکوور[٥٦]. هیزانلۆ، کە بە هیزۆلانلۆ و ئیزانلۆش بەناوبانگن و بە لکێک لە هۆزی شادلۆ دەژمێردرێن[٥٧]. کەسرەوی، شادلۆکان بە ڕەوادی دادەنیت[٥٨]. شادلۆ بریتین لە: ئاجقانلۆ، ئالانلۆ، بەدرانلۆ، بەرسوکانلۆ، بوتالبانلۆ، بوربوری، بوغانلۆ، پوشوانلۆ، جابانلۆ، جوکانلۆ، چوسوانلۆ، خادمانلۆ، خانیانلۆ، خەنزەرانلۆ، دوراقانلۆ (ئەم تیرەیە بەسەر چەند لکێک دابەش دەبن، وەکو: تەمانلۆ، ئوتانلۆ، قوجوانلۆ، بەحرانلۆ و تاهرلۆ)، قەراقاشلۆ، قەرکانلۆ، کەپکانلۆ، کەچرانلۆ، کۆپانلۆ، گریوانلۆ، گەلمانلۆ و هیزانلۆ. 'پاپۆلی یەزدی' ئیزانلۆ بە بەشێک لە شازدە تایەفەی کۆچنشینی خوراسان دادەنێت، کە لە سەرسنووری مەراوەتەپە و شاە جەهان کوێستان و گەرمیان دەکەن. فەقێ تەیران (یان فەقییێ تەیران ١٥٦٢-١٦٤١- feqiye teyran)[٥٩-٦٠] فەیلەسوف و شاعیری کوردی سەدەی شازدە و حەڤدەیە. فەقێ تەیران بە هۆی زوهد خواپەرسەتی، و جوهدی زۆرییەوە لە دنیای تەسەوفدا بە عارفێکی تەواو دادەندرێت و لە گێڕانەوەکاندا وا باس کراوە کە زمانی باڵندەکانی زانیوە و قسەی لەگەڵدا کردوون. ناوی فەقێ تەیرانیش هەر ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە خەڵک ئەویان بە فەقێی تەیران زانیوە. ئەو دەنخۆش بووە و شیعرەکانی خۆی وەک گۆرانی بە دەنگی زوڵاڵی خۆی بۆ خەڵک گوتوون. بەرهەمەکانی ئەو وەک شێخی سەنعان، بەرسیسایێ عابید، زەمبیلفرۆش، کەلا دەمدەم، ئەسپێ ڕەش، هەی ئاڤ و ئاڤ بە زمانی کوردی نووسراون. فەقێ تەیران لە هیزان کۆچی دوایی کردووە و ئارامگاکەی لە گوندەکەی خۆیان 'وارێ زۆزێ'یە[٦١]. لە کەسایەتییە ناسراوەکانی دیکەی خەڵکی هیزان

٥٦

٥٧

٥٨

٥٩-٦٠

٦١

دەتوانین ناوی 'سوات کایا و ئەبو شوجاع کوڕی دۆستەک ناسراو بە بازکوردی بێنین. بازکورد لە کوردانی دۆستەکی و سەر بە تیرەی حەمدانی (hamidi) بووە، کە وەکو دامەزرێنەری زنجیرەی مەروانیان دەناسرێت. بازکورد دوای حەوت ساڵ فەرمانڕەواییکردن لە دیاربەکر کۆچی دوایی کرد[٦٢-٦٥]. پاشماوەکانی دۆستەکی لە بادینان بە دۆسکی ناسراون[٦٦].

(ئەوەی کە دۆستەکییەکانی هەزوانی، هەمان برادۆستەکەنی دینەوەری بن تەواو ساغ نەبووەتەوە. هەروەها پەیوەندیی مێژوویی نێوان حەمزەکان (هەزوان) و زنجیرە بنەماڵەی هەمازی نەسەلمێندراوە).

**خەزەل (کرماشان و هەمەدان)**

خەڵکی خەزەل لە شارەدێی فەیروزئابادی (کرماشان)، شارەکانی سەنقەر، کەنگاوەر، و سەحنە لە پارێزگای کرماشان و شارەکانی ئەسەدئاباد، نەهاوەند و تویسرکان لە پارێزگای هەمەدان نیشتەجێن. خەڵکی هۆزی خەزەل لە پارێزگای کرماشان بە زمانی کوردی کەلیایی (دینەوەری) و لەکی و لە پارێزگای هەمەدان بە لەکی و لوڕی قسە دەکەن. خەڵکی خەزەل خۆیان بە 'داتی رەن'، یان 'دەتیوەران' ناو دەبەن (خاوەنی خەسڵەت و خووی داتی). دات لە فارسی هەخامەنشی و ئاوێستادا بە واتای یاسا دێت و هەر ئەو وشەیەیە کە لە فارسیدا {هەڵبەتە لە کوردیشدا} بووەتە "داد"[٦٧]. ڕین، یان ڕەن لە زمانی کوردیدا بە واتای ڕەفتار و خەسڵەت دێت.

**لەشکرکێشیی بابلی و سارگۆنی دووەمی ئاشووری**

لێکۆڵینەوە تۆپۆگرافییەکەی پرۆفیسۆر 'ڕۆبێرتۆ دۆن' لە کتێبی 'فرهنگ جامعه ایران' لاپەڕە ٧٩٠، کتێبی 'مردم شناسی ایران'، کتێبی

---

[٦٢-٦٥]

[٦٦]

[٦٧]

'تواریخ گلستانه لاپەڕە٢٨٣ و ( persia and the persian question p609)، باس لە هۆزی خەزەل، یان قەزەل لە ناوچەی چەمچەماڵی کرماشان کراوە. لە شێوەزاری خەڵکی خەزەلدا ئەو وشانەی پیتی (خ)یان تێدایە کەم و زۆر، هەندێک جار پیتی (خ) دەکرێتە (ق) و خەڵکی ئەو هۆزە، خۆیان بە خەزەل، یان هەزەل بە واتای ڕاپەڕیو، هەستاو، یان سەرهەڵداو ناوزەد دەکەن. (هێز، یان خێز لە زمانی کوردیدا هاوواتای 'خیزش'ی فارسییە [واتە هاستان، ڕاپەڕین] ناوی قیزەل، یان قەزەل بەعەرەبکراوی وشەی گیزەل، یان گەزەلە. پرۆفیسۆر ڕۆبێرتۆ دۆن، مامۆستای زانکۆی ساپینزا، شوێنگەی هۆزەکانی مادی باسکراو، کە لە نووسراوەکانی 'شمسی ئەداد'ی پێنجەم و 'سارگۆن'ی دووەمی ئاشووری وێنەیان کێشراوە و شوێنگەی هۆزی گیزەل بوندا[٦٨] یان لە باشوری سەنقەر دیاری کردووە[٦٩]. گۆڤاری توێژینەوەیی هەفتانەی ناوچەی پلاس ئازەربایجان (region plus)، لە ساڵی ٢٠٠٦ بابەتێکی لە بارەی مێژووی ئازەربایجانەوە بڵاو کردەوە، لە بەشێکی وتارەکەدا ئاماژە بە وڵاتی دێرینەی ئاراتا کراوە و ناوی هۆز و تیرە و ناوچەکانی ئاراتا لە سەر بنەمای نووسراوەکانی نێوان دووڕووباردا باس کراون. ناوچە و ناوی هۆزەکانی ئاراتا بەم شێوەیەی خوارەوەن: ئوش کایا، ئوش دیش، گان تاو، (یان گەن تاو)، گیزەل بوندا، ئوش تاتی، (یان تات تی)[٧٠].

سۆمەرییەکان ناوی وڵاتێکی ئەفسانەیی و زۆر کۆنتر لە سۆمەریان هێناوە. ئەو وڵاتە ئاراتا (ئارتا)ی ناو بووە. لە ئەفسانەی گلگەمیش، ئەو بۆ چوونە سۆمەر بە ئاراتا، بە ناوچەیەکدا تێدەپەڕێت بە ناوی 'هۆر'-ئورووم'، کە دەبێت سەرزەمینی هۆرییەکان بێت[٧١].

---

٦٨

٦٩

٧٠

٧١

له کتێبی حەوتەمی هێرۆدۆتدا، ڕستەیەک هەیە کە دەڵێت 'بەر لەوەی کە پارسەکان بەو ناوە بناسرێن لە دیدی یۆنانییەکانەوە بە 'کێفەن' لای خۆیان و دراوسێکانیشیان بە 'ئاراتایی' ناو دەبران[٧٢]. یەکەمین جار ناوی گیزەل لە ئەفسانەی ئەنمرکار باس کراوە. گیزەل وەک هۆز، یان سەرزەمینێک لە ئاراتا ناوی هێندراوە[٧٣]. لە نووسراوەکانی سۆمەریدا، ناوی ئاراتا، وەک "سەرزەمینی پیرۆزی فەرمانڕەوایی یاسا" باس کراوە. دکتۆر 'کیومەرس زەند کرمانی' لە ڕوونکردنەوەی تاوانەکانی سۆمەریدا ئاماژە بەوە دەکات کە: ئاراتا ناوی سەرزەمینی کەنارای ئێران بووە و لە کتێبە کۆنەکاندا بە تایبەت لە خۆرهەڵاتدا بە 'ئاریا ورتە' ناوی هاتووە. بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ: ئەنمرکار و فەرمانڕەوایی ئاراتا.

بی.بی. کوربین ئەندامی تیمی کنەکاری شوێنەوارە دێرینەکانی چارلز ویلیس ساڵی ١٩٨٨ لە کێوی ئارارات و تیمە کنەکارەکانی چاک ئارون لە ١٩٨٩ و شووکی لە ١٩٩٠، دانەری کتێبی گەڕان بە دوای کەشتیی نوح و کنەکارانی کێوی ئارارات لە کتێبی حەوت کێو تا ئاراتا، سەرزەمینی ئاراتایان بە خۆرئاوای هەمەدان و خۆرهەڵاتی کرماشان و بە سەنتەری گودین تەپە داوەتە قەڵەم[٧٤].

لە ١٨٠٠ی پێش زایین، پادشایەک بە ناوی یافور لە ئیزل لۆ (هیزل لۆ) کە دەکەوێتە سەرزەمینی گوتییەکان (زاگرۆسی ناوەڕاست) فەرمانڕەوایی کردووە. ئەو هەڕەشەی لە شاکانی ئیلام و ئۆرارتۆی کە لەگەڵ 'زیمری لیم شای ماری' یەکیان گرتبوو، کرد[٧٥]. بیروونی باس لە شایەکی ئەفسانەیی بە ناوی یافول دەکات و ئەو لە بەرامبەر

---

٧٢

٧٣

٧٤

٧٥

فەرەیدوونی نێو شانامە دادەنێت. (یافور و یافول یەک کەس بن ساغ نەکراوەتەوە).
دوای شکستەکەی کەریم خانی زەند لەسەر دەستی ئازاد خانی ئەفغان، ئەفغانەکان پەلاماری قەڵای پەریبیان دا، کە ناوەندی فەرمانداری زەندییەکان بوو. حەڤدە کەس لە خانەکانی زەند و پازدە ژن کە دایکی کەریمخانیشیان لەگەڵدا بوو بە دیلی گیران و بەرەو ورمێیان بردن. لە ڕێگادا دوای تێکەهەڵچوون، ڕزاگریان بوو و ڕایان کردە چەمچەماڵی کرماشان. بە بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵە، نزیکەی ٣٠٠٠ سوارە و پیادەی کوردی خەزەلی چەمچەماڵ و ١٠٠٠ سوارە و پیادەی خەڵکی دێلفان چوونە خزمەتی کەریمخان. ئازاد خان هەرکە لە چوونی کەریمخان بۆ بروجەرد و ئامادەکاریی بۆ هیرشکردن ئاگادار بووەوە، بە لەشکرێکی زۆرەوە خۆی بۆ جەنگ ئامادە کرد. ڕووبەڕووبوونەوەی هەردوو لەشکر لە "دوابەی سیلاخور" ڕووی دا[٧٦-٧٧].

## هیزول (دیاربەکر و ئەرزنجان)

هیزول، یان ئیزول یەکێک لە هۆزەکانی کوردی نیشتەجێی دیاربەکر، مەلاتی، ئۆرفا، ئەرزنجان، بەدلیس، ماردین، ئادیامان و ...ئەو ناوچانەن[٧٨-٧٩]. کایا هیزولی، هیزلێ ڕەش، هیزەکی، هیزنی، و گاهیزلی و.. لە خەڵکی ئیزولن. جەمال ئیزول، سەرۆکی فیدراسیۆنی ئەنجومەنەکانی ئیزول ڕایگەیاند: 'هۆزی ئیزول بریتین لە ٣ ملیون کەس و لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی تورکیادا ئامادەییێکی چالاکیان هەیە[٨٠-٨١]. ئیزول لە مێژووی ئەرزنجاندا به هەزۆللو (hezollu) و وەک هۆزێکی کوردی نیشتەجێی مازگرد ناویان هاتووە[٨٢].

٧٦-٧٧

٧٨-٧٩

٨٠-٨١

٨٢

سەرچاوەی دیکەش (ماردین)یان بە زێدی ئیزۆل داوەتە قەڵەم[٨٣]. بە پێی هەندێک سەرچاوەی تورکی، ئیزۆلەکان بەشی سەرەکیی سوپاکەی جەلالەدین خوارەزمشا بوون. زێدیان کەوتووەتە سەر سنووری ئیمپراتۆری خوارەزمشا، واتە نێوان تورکمەنستان و خوراسان لە باکووری خۆرهەڵاتی ئێران[٨٤]. بەگوێرەی کتێبی مێژووی وارتۆ، هۆزی ئیزۆل ڕاستەوخۆ لە خوراسانەوە بۆ دەرسیم کۆچیان کردووە[٨٥].

خەڵکی گەلی ڕووباری هێزل (hezl) لە باکووری زاخۆ تا کاوان کایا لە خەڵکی هیزۆلن، لەنێویاندا گوندی دۆل هیزلی لە شرنەخ. ڕووباری هیزل یەکێک لە لکە سەرەکییەکانی زێی دیجلەیە. ئەو ڕووبارە لە هەکارییەوە سەرچاوە دەگریت و لە خۆرائاوای زاخۆ دەڕژێتە نێو دیجلەوە[٨٦-٨٧]. خەڵکی ئەو هۆزە لە گوندەکانی دەوروبەری شنگال وەک گوندی خێزو (xezu) و هیزلی (hezli) نیشتەجێن.

هیزۆلەکانی عەلەوی (بەکداش) و سوننی مەزەهەبن. هیزۆلەکان لایەنگرانی سەفەوی و قزلباشەکان بوون. دوای جەنگی چاڵدێران هیزۆلەکان لە ماردین، دیاربەکر درێژەیان بە تێکۆشانی خۆیان دا و شکستیان خوارد. لە سەرهەڵدانەکەی شا ئیسماعیلی دووەم کە لە ساڵی١٥٧٧ تا ئەلبستان پەرەی سەند، هۆزی هێزۆلی لە پێشەنگەکانی سەرهەڵدانەکە بوون. هیزۆلۆکان لە دامەزراندنی دەوڵەتی مەروانیدا ڕۆڵیان هەبوو[٨٨].

---

٨٣

٨٤

٨٥

٨٦-٨٧

٨٨

هێزێل (hezel) له سەرەکیترین یاوەرانی سەلاحەدینی ئەیوبی بوون و له فەڵەستین، سوریا و ئیسرائیل نیشتەجێ بوون و به زمانی کوردی دەدوان. دوای جەنگی ئیسرائیل و فەڵەستین له ساڵی ١٨٤٨ هاتنه دیمەشق. سلێمان بەگی سەرۆکی هۆزی ئیزۆل هاوسەرگیریی لەگەڵ خوشکێکی تەیمور پاشای وەرگێڕی به ڕەچەڵەک کوردی میسری کرد. به قسەی دکتۆر فیتز ئیزۆل، باووباپیرانی ئەو، ١٢ پشت هەر سەرۆکی هۆز بوون و زێدی یەکەمیان له ١٢٠٠ی زاینییەوه دەوروبەری کێوی قەرەجداغ (به کوردی قەرەژداخ)ی دیاربەکر بووه[٨٩]. ئەدیب یاووز، نووسیویه به هۆی کنەکاری (بەردەنووس) له ئۆرفا له ساڵی ١١٨٦، سەرەتا له ئۆرفا بوونه و دواتر چوونەته ناوچەکانی مەلەتی و دیاربەکر و... لەو ناوچانه جێگیر بوونه. سوڵتان یاووز سەلیمی عوسمانی له جەنگی دژی شا ئیسماعیلی سەفەوی، خەڵکی هۆزی ئیزۆلی له هەردوو بەری فوراتدا جێگیر کردوون، بۆیه هەندێک جار ئەو هۆزه به 'بەرفوراتی' ناو دەبردرێن. له ساڵی ١٩٤٠ سەربازان به هێرشکردنه سەر گوندی کیوکس له ناوچەی هێزێلی ماردین، ٢٩ ئێزدییان خستنه ناو ئەشکەوتێک و به زیندوویی سووتاندیانن. ئەو گونده دواتریش سێ جار کەوته بەر پەلاماری سەربازان و له هەر پەلامارێکیدا زۆرێک له ئیزدییان کوژراون[٩٠]. خەڵکی ئیزۆل به زۆری له سێوەرەک و حەلوانی سەر به ئۆرفادا دەژین و هەرتاوییەکان که تایەفەیەکی کاوی سەر به هێزلن، له باشووری ئۆرفا به تایبەت له بیره و ئادیاماندا نیشتەجێن و به زمانی کوردی قسه دەکەن و پەیڕەوی ئایینی ئێزدیین[٩١-٩٢]. دوابەدوای جەنگی چاڵدێران، سوڵتان سەلیمی عوسمانی خەڵکی ئەو هۆزەی

---

٨٩

٩٠

٩١-٩٢

بردنە بۆرسا و دواتر گێڕانیەوە ئۆرفا[٩٣]. هەرتاوییەکان کە دراوسێی ڕەشوەندەکانن بە گەورەترین تایەفەکانی ئادیامان دەژمێردرێن[٩٤]. هەرتاوی لە ئێران بە 'هۆرەتاوی نیشتەجێی پارێزگای کرماشان و شاری سنەن و بریتین لە تیرەکانی پەرهان، پەناهی، پەرون، یان پەروان، پەرەنگ و پیری. هەرتاوییەکان بە هۆی ئەوەی دراوسێی هۆزی (پازوکی)ن، ئەندامی فیدراسیۆنی هۆزایەتیی پازوکی بوون.

**

## هۆزە نیشتەجێکانی ئۆرفا

جەنگی نێوان فرانسە و تورکیا و دواتریش جەنگی سەربەخۆیی تورکیا لە ئۆرفا بە سەرکەوتنی هێزە ناوچەییەکان و دەرکردنی هێزەکانی فرانسە لە بەرەکانی سوروچ و ئۆرفا تەواو بوو. عەبدولڕەحمان هەرتاوی زادە، عەبدولقادر هەرتاوی زادە، مستەفا هەرتاوی زادە، یوسف هەرتاوی زادە، محەمەد هەرتاوی زادە و سین دی هەرتاوی زادە، لە سەرانی تایەفە و فەرماندە مەیدانییەکانی جەنگەکە بوون[٩٥].

ئەحمەد کایا یەکێک لە کەسایەتییە ناسروەکانی هیزۆلە.

***

## خەزەل (تیسفون و دەماوەند)

ئان لمبتۆن لە کتێبەکەیدا ئاماژە بە ناوچەی خەزەل لە خۆرئاوای دەماوەند دەکات، کە گوندەکانیان لە پەلاماری دوژمناندا وێران و خەڵکەکەیان کوژراون. عزولدەولە بەختیار (دیلەمی-ئال بویە)ی پادشای ئەوکاتی ئێران، بە هانایانەوە چووە و گەنم و خۆراکی گەیاندوونەتێ[٩٦]. مەرەشتاوەندەکان لە گەیشتنە دەسەڵاتی ئال کیا و

---

٩٣

٩٤

٩٥

٩٦

ئیسحاقوەنداندا ڕۆڵیان هەبووە و لەبەرامبەر ئەمەدا پلە و پایەیان وەرگرتووە. پاشاماوەکانی مەرەشتاوەنددەکان لە شاری تەنکابن نیشتەجێن.
فاتک، یان پاتیک، ناوێکە کە لە سەرچاوەکاندا بە باوکی مانی داندراوە. ئەو خەڵکی شاری نەهاوەند بووە. ئەو لەگەڵ مریەمی کەمسەرگانیی هاوسەری[٩٧] چووەتە تیسفونی ناوەندی فەرمانڕەوای ئەشکانی. (٤٢١ ساڵ بەر لە جەنگی قادسیە[٩٨]، دوای لەدایکبوونی مانی، دایک و باوکی لەیەک جیا بوونەتەوە. پاتیک (فەتک، یان فەتق بە عەرەبی) بە یەکێک لە گروپەکانی 'موغتەسەلە' دایشکان و زۆر پێیانەوە کارانگاز بوو و دوای سێ چوار ساڵ مانی لەگەڵ خۆیدا بردووەتە دەیری (بەدرە). مانی لە منداڵییەوە لەنێو کۆمەڵی مەندایی خەزایی (بە ڕۆمی کەسایی و بە عرەبی ئەلخەزایی) پەروەردە بووە.
لە گێڕانەوەکانی ئیسلامیدا، لەسەر زاری فەتک، یان پاتکی باوکی مانی، دەگوترێت کە ئەو سێ ڕۆژی تەواو لەو "بتخانە"[؟؟]یەدا دەهات و ئەو دەنگانەی دەبیست: 'ئەی فەتک، گۆشت مەخۆ، شەراب مەخۆرەوە و لەگەڵ ژناندا مەڕازێ"[٩٩]. مانی دوای فەراژیبوون و بەسەربردنی قۆناغی مێرمنداڵی، ناکۆکییەکانی خۆی لەگەڵ گروپەکەیدا دەست پێکرد. مشتومڕی سەرەکیی مانی لەگەڵ گروپەکەیدا (گروپی خەزایی) لەسەر خۆشوشتن و مەراسیمەکانی پاککردنەوە بوو. 'دکره' دوو لایەنی ئایینی ئەلخەزایی کە بە ڕواڵەت دژی یەک بوون بە گەڕانەوە بۆ تێڕوانینی ئەپیفانوس دەردەبڕێت: "جۆرێک لە سروشە ڕواڵەتییەکان لەلایەک و لەلایەکی دیکەش پەنابردنە بە تەعمید و مەراسیمی پیرۆزکردن بە مەبەستی پاککردنەوە بە هۆی ڕەگەزێکی مادی واتە ئاو، کە ڕاستەوخۆ و بێناوبژ لەگەڵ

---

٩٧
٩٨
٩٩

جەستەی مرۆڤدا پیرۆز دەبێت[١٠٠]. دکرە پێی وایە کە ئەگەرچی مانی زۆر بە توندی دژی مەناسکی تەعمید بوو، بەڵام لەبەرامبەردا زۆر لەژێر کاریگەریی مکاشەفاتی پێشەوای موغتەسەلەشدابوو. مانی کە خۆی دەرگیری گەردووونناسی و پزیشکی کردبوو، هەوڵی دەدا گرووپەکەی خۆی ڕازی بکات کە بەهۆی "خۆشوشتنەوە' ناتواندرێت بە "پاکی"ی [دەروونی] بگەین. "ئەو باوەڕی بە بۆلسی حەواری هەبوو، کە نووسیبووی: 'کێ هەیە تا من لەم جەستەیەم ڕزگار بکات؟'. ڕاستییەکەی مانی باوەڕی وابوو کە جەستە، لە زیندانێک زیاتر نییە و چاوەڕێکردنی بە هەستی بۆ ئەو کۆمەڵگە موندەرسە جەستەییە ڕەت دەکردەوە و گیان نە بە 'پیرۆزکردن'ی مادی، نە بە ئاوی تەعمید، بەڵکو تەنیا بە نووری مەعریفەت ڕزگار دەبیت.[٩٩]. نووسینێکی سەر دراوێك لە خاراسین لە باشووری بابل دۆزراوەتەوە و بە زمانی مەندابییە، دەڵێت: "مانی سەر بە میترایە[١٠١].

ئەنسلکلۆپیدیای ئیرانیکا، لە تۆمارکردنی ناوی 'خەزاییە'دا لە بەندی دەیەمی بەردەنووسی 'کرتیر' لە کەعبەی زەردەشتدا بە ناوی گرووپی "مکتک(mktk-y)" ئەوەیان گەڕاندووەتەوە بۆ ڕیشەی ئێرانی "مک"[١٠٢]. سەدان ساڵ دواتر 'ئیبن نەدیم'، موغتەسەلە، گرووپێکی مەندایی لە بیاباندا بینی کە پێدەچوو 'ئەلخاسایی' (hasih)یان وەک دامەزرێنەری خۆیان دادەنا[١٠٣]. ناوی گرووپەکە وەک ئەلچەسایی (Elchasai)، ئەلکەسای(ksai) و لە سەدەی هەشتەمی زایینیدا تیۆدۆر بەرکۆنی ئەو گرووپەی بە ناوی لکس(Lks) ناو بردووە و لە کتێبی 'مانەویان پارتی' وەک لکسیس(Lxs)هاتووە[١٠٤-١٠٥]. دەقە خەتیەکانی

١٠٠

١٠١

١٠٢

١٠٣

١٠٤-١٠٥

مانەویی کۆلن، کە لە مسر دۆزراونەتەوە ناوی ئەو گروپە وەک ئەل کسای(El ksai)وەرگیراو لە کاسیا (kasya-kasa)نیشان دەدات[١٠٥-١٠٦].

**

## ڕێڕەوی لەشکرکێشیی ئەسکەندەری مەقەدۆنی و سەرزەمینی کاسییەکان لە خۆرئاوای ئەکباتانا

(سەرچاوە وتارەکانی پرۆفیسۆر کوین هێربێرت، کتێبخانەکانی زانکۆی واشنتۆن)

کاسییەکان (cossaei) دانیشتووانی ئامادای لە خۆرئاوای هەمەدان و کرماشان. ئستراپۆن، کاسییەکان بە هۆزێکی چیانشینی ئازا و جەنگاوەری چیاکانی ماد ناو دەبات و باس لە لکێکی کاسییەکان کە لە باکووری ماددا دەژین دەکات. بە پێی قسەی دیۆدوروس، کاسییەکان سەربەخۆ بوون و هەرگیز فەرمانڕەوایی بیانییان قبوڵ نەکردووە. لە هەموو قۆناغەکانی فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆریی ئێراندا ناوچەکانیان داگیر نەکراوە و وەک خۆیان ماونەتەوە. کاسییەکان باڵی چەپی لەشکری داریوش بوون لە جەنگی گوگمەل و دواجار ئەسکەندەر بۆ گرتنی وڵاتی پارس لە زستانی ساڵی٣٢٣ی پێش زایین پەلاماری سەرزەمینی ئەوانی دا. هفایستیۆنی دۆستی دڵسۆزی ئەسکەنەدر لەو سەروبەندەدا دەمرێت. پلۆتارک دەڵێت ئەسکەندەر کە یەکێک لە گوندەکانی هۆزی (کۆسایی) ڕەشەکوژ کرد، لە ماوەی چل ڕۆژدا دەستی بەسەر زۆربەی خاکی کاساییەکاندا گرت و وێرانیکرد[١٠٧-١٠٨].

زمانی ئاخاوتنی مەندابییەکانی خەزایی دوای گرتنی تیسفون و بەدرە بە دەستی عارەبان گۆڕا بۆ عەرەبی. لە ساڵی ١٥٠ی هەتاویدا، کۆمەڵێک لە خەڵکی تیسفون گوسترانەوە خوراسان کە لە کتێبی 'اقوام و عشایر خراسان' نووسینی میرنیا، بە عەرەبەکانی خوراسان ناویان

---

١٠٥-١٠٦

١٠٧-١٠٨

هاتووه، لەنێو ئەو هۆزانەدا؛ سالاری، خەزایی و زەنگویی هەن. خەزاییەکان هەروەها لە پارێزگاکانی کرمان، فارس، ئیسفەهان و بلوچستانیشدا دەژین. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: ایلهای کرد ایران.

پاسازیەی ئەلخوزاعی والیی ئازەربایجان لە ساڵی ٣٥ی کۆچی سەر بە بنەماڵەی ئەلخەزاییەیە. (پاسازیە ناوێکی ئێرانییە)[١٠٩-١١١].

پەیوەندیی ڕەچەڵەکی تاهیریانی خوزاعی و لەگەڵ ڕەچەڵەکی کوردانی خەزایی بە تەواوی ساغ نەبووەتەوە. بەگوێرەی هەندێک سەرچاوە، تاهیرییەکان ڕەچەڵەکێکی ئێرانییان هەیە و پاشناوی خوزاعییان بۆیە بەسەردابڕاوە کە لایەنگری هۆزی خوزاعە بوون[١١٢-١١٧]. هەڵبەتە لەبەر ئەوەیە ڕەچەڵەکی خۆیان دەگێڕنەوە بۆ هۆزی خوزاعە کە لە سەردەمی پێغەمبەری ئیسلامدا یەکێک لە هۆزە گەورەکانی مەکە بوون. بەشێک لە گێڕەرەوە و مێژوونووسان لەلایەک و تاهیرییەکانیش لەلایەکی دیکە، ڕەچەڵەکی خانەدانی تاهیری دەبەنەوە سەر ڕۆستەم و مەنوچەهری پادشای ئێرانی[١١٨-١٢٣].

مێژوونووسان لەو باوەڕدان کە هۆکاری ئەو ڕەچەڵەکسازیانە، گرنگیی و ڕیشەی ئەو خانەدانانەی ئەو سەردەمە بووە، کە تاهیریان و بە شێوەیەکی تایبەتیش تاهیر بە هەوڵ و تەقەللای لایەنگرەکانییەوە، توانیان لەو ڕێگایەوە پشتیووانی و دۆستایەتیی خانەدانە ناوچەییەکان بەدەست بێنن و لەو ڕێگایەدا کاریگەری و دەسەڵاتی خۆیان جێگیر و بەهێز بکەن[١٢٤-١٢٥]. شاعیری عەرەبزمان 'دەعبەل ئەلخوزاعی'، پەلار ئەو هەوڵەی تاهیریان بۆ خۆکردنە خوازعی دەدات و گاڵتەیان پێ دەکات[١٢٦].

---

١٠٩-١١١

١١٢-١١٧

١١٨-١٢٣

١٢٤-١٢٥

١٢٦

**

**فەرهەنگ و دابونەریت**

**گاوبران (گاوروبایی):** ئەم مەراسیمە بە نزاکردن بۆ بارانبارین لە دەرگای خواوەند (لەکۆندا ڕەنگە لە خواوەندی ئاناهیتا) بەڕێوە دەبرا[127]. ئەو مەراسیمە هەموو ساڵێ لە گوندەکانی خەزەل بەڕێوە دەچوو، تیایدا مانگایەک، یان مەڕێک لەسەر کانیی گوندەکە دەکرایە قوربانی، بە شێوەیەک کە خوێنی قوربانییەکە لەگەڵ ئاوی سەروچاوەی کانییەکە تێکەڵ بووبا.

**مێرئازەوەر:** سەری ساڵی تازەی خەزەلە و کۆمەڵێک مەراسیم و دابونەریت لەخۆدەگرێت، وەک: نوبەران (جەژنی بەران)، ئامادەکردنی سومێنو (سەمەنو)، سەردانی یەکدیکردن، جەژنی نوێ، ئاشتەوایبیکردن و پێکهاتنەوە و... ئەو مەراسیمە هەروەک پێشان لە مانگی ئیسفەند بەڕێوە دەبرا.

**خوازبێنی:** بۆ زانیاری وەرگرتن لەسەر تواناکانی زاوا بۆ بەڕێوەبردنی ماڵ و دابینکردنی بژێوی، باوکی بووک بۆ ماوەیەکی دیاریکراو ناچاری دەکات کار بکات، بۆ نموونە کارکردن لە کێڵگە، جۆشکاری و ئاسنگەری و...

**بووکگواستنەوە:** مەراسیمی هاوسەرگیری لە خەزەل دوو جیاوازی لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا هەیە: ١-کاتی هاتنی بووک بۆ ئەو ماڵەی، کە بڕیارە تێیدا بژیت، کەسوکاری زاوا، دەست و قاچ و دەموچاوی بە نزاکردن و بەو ئاوەی کە پێشتر وێرد و نزایان لێ خوێندووە، دەشۆن. ٢-بەر لە کۆتاییهاتنی مەراسیمەکە، بووک و زاوا هەردووکیان یەکەو قاپێکی پڕ لە سەمەنوو دەگرنە دەست، کوڕانی گەنجی سەڵت لەلایەک ڕادەوەستن و بووک بە کەوچک سەمەنوویان بەسەر دەمەوە دەکات و کچانی گەنجی سەڵتیش لەلایەکەی دیکە

١٢٧

ڕادەوەستن و  زاوا بە کەوچک سەمەنوویان بە دەمەوە دەکات و ئەوانیش بۆ بەختەوەریی ئەو بووک و زاوایە، نزا دەکەن. لە مەراسیمی بووکگواستنەوەی هەندێک ناوچەی خەزەلنشیندا شیرینییێک کە پێی دەگوترێت 'مەتایی' دەخۆن و لە هەندێک گوندی خەزەلنشینیشدا لە جیاتی سەمەنوو حەلوا دابەش دەکەن.

**پرسە:** مەراسیمی پرسە لە خەزەل بە شێوەیەکی تایبەت بەڕێوە دەچێت، کە داب و شێوازی جیاجیا لەخۆدەگرێت. لەو دابونەریتانە: ١-ئامادەبوونی خزم و ئاشنا لە مەراسیمەکەدا؛ ٢-ناشتنی مردوو؛٣-مورخێنی؛ ٤-شیوەنکردن (ژنان گۆناکانیان و پیاوانیش نێوچاوانیان دەڕوشێنن)؛ ٥-دانانی چەند کەسێک بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بە فانۆسەوە لەسەر گۆڕی مردوودا؛ ٦-شەو شام (چێشتی گۆشتاو کە لە شەوی دوای مردوو بە خاک دەسپێردرێت، ئامادە دەکرێت و دەخورێت)؛ ٧-دروستکردنی ژوورۆچکەیەک(تەخت، یان کورسیێک دادەندرێت کراس ، وێنە و هەندێک کەلوپەلی تایبەتی کەسە مردووەکەی لەسەر دادەندرێت و بە پارچە و تیسماری ڕەش دەیڕازێننەوە)؛ ٩-سەمەنوو، یان چێشتی چەمەری (جۆرە مۆسیاقایەکی خەمگین، کە لە مەراسیمی پرسەداریدا لێ دەدرێت)؛ ١٠-ڕۆژی نەوعید(بەر لە نەورۆز، لە ڕۆژانی مانگی مێهری ئازەوەر، خزم و کەسوکار، پارچە و جلوبەری ڕەنگاوڕەنگ بۆ ماڵی مردوو دەبەن. ئەو مەراسیمە لەم سەدەیەی دواییدا لەگەڵ یەکەم ڕۆژی (جەژنی ڕەمەزان و جەژنی قوربان و جەژنی مەبعەس و...)یشدا بەڕێوە دەچێت؛١١- لەنێو خەڵکی خەزەل وا باوە کە لە نیوەڕۆدا،(نیوەڕۆ، ئەو کاتەی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسماندایە) بچنە سەرقەبران. خەڵکی خەزەل باوەڕیان بە نەمری هەیە، لەسەر بنەمایەی ئەو باوەڕەی کە کەسەکە لەگەڵ مردندا نامرێت، بەڵکو وەک دانەیەک لەنێو خاکدا دەچێندرێت. مردوو وەک ئەو دانەیە (لە خاکدا دەچێنن) و ژنان کە سیمبولی وەزوەزە و زاوزێ

و ژیانن، گۆناکانی خۆیان وەکو خاک چۆن دەکێڵدرێت ئاوا دەڕوشێنن و بە سووڕاندی دەستیان لە هەوادا و گوتنی "وەی وەی" لە "خواوەندی با" داوا دەکەن هەڵبکات و هەورەکان بۆ ئەملایە ڕابدات و بارانی بەدوا ببارێنێت و ئەو دانەیەی ئەوان کە لە خاک چێندراوە، شین بکات.

**

## جەژنی نەورۆزی هۆزی خەزەل-ئیلام

**شاماران:** شاماران، یان شای ماران، یەکێک لە خواوەندەکانی ئایینی میترایزمە، ئەم ئەفسانەیە وەک میراتێکی نادیاری نیشتمانی لە ئێراندا تۆمار کراوە[١٢٨].

**ئایرەپەرەن:** مەراسیمێکە بە بۆنەی هەڵگرتنەوەی بەروبووم و سەرەتای کۆچی عەشایری خەزەل لەگەڵ دەستپێکی پایز، کە بە سوپاسگوزاری بۆ خواوەند و دابەشکردنی نەزر و میرووز (دەکاتە زەکات لە ئیسلام)، پیرۆزکردنی ئاگر و شایی و هەڵپەڕکێ. ئاگر لە خەزەلدا ڕەمزی بەرەکەت، دادگەری، ژیان و پاکییە، لە باوەڕی خەزەلدا تەنی ڕووپۆشی گەردوون لە ئەستێرەکان و بە واتایەکی دیکە لە ئاگر دروست بووە، کە ئەوان پێی دەڵێن "مێر". مێر یان وزە بە شێوەی ئاگر لە چوار شوێندا وێنا کراوە. یەکەم ئاگر لە بوونی مرۆڤ و گیانداران کە ئەوان پێی دەڵێن مێر، یان مێهر و هوتیر، یان هەمان دڵ بە سەنتەری مێر دەزانن (مێر لە زمانی کوردیدا بەرامبەر پیاوی فارسی دێت). دووەم ئاگری ئەستێرەکانی وەکو خۆر کە دەبێتە مایەی گەشە و نەشونمای ڕووەک و ئەوەی دیکەش ئاگرێکە کە لە کۆنترۆڵ و ئیرادەی خواوەنددایە و چوارەم ئاگریش ئەوەیە کە مرۆڤ دایدەگیرسێنێت و بەکاری دێنێت و لە بەردەست و کۆنترۆڵی مرۆڤدایە.

## ئایین و باوەڕ

## دەروازەی پەرستگەی لالش

---

١٢٨

خەلکی خەزەل لە (تورکیا و عێراق) [مەبەستی باکوور و باشووری کوردستانە] پەیڕەوی ئایینی ئێزدیین[١٢٩-١٣١]. لە عێراق و ئێرانیشدا بەشێکی زۆر لە خەڵکی خەزەل پەیڕەوی ئایینی هاوشێوەی ئیزدیین.
ئێزدی بە کوردی (Ezidi) بە دەربڕینی کوردی (ئێزدی) یەکێک لە ئایینە برەودارە دێرینەکانە لە کوردستان و پەیڕەوکارەکانی لە عێراق، ئێران، تورکیە، سووریە[١٣٢-١٣٤]، ئەرمەنستان و ئازەربایجان[١٣٥]دا دەژین. یەکەمین جار ئەحمەد تەیموور پاشا بوو کە لە کتێبی "اليزيدية و منشأ نحلتهم" ئاماژە بەو بابەتە دەکات، کە: بەر لە سەدەی شەشەمی کۆچی-هەتاوی لە مێژوودا ئاماژە بە ئێزدی نەکراوە و ئەو کاتەی کە شێخ عەدی دێتە ناویان و تەریقەتی 'عەدویە' دادەمەزرێنێت و لە نێویاندا پەرەی پێدەدا. ئەبو فراس لە کتێبەکەی خۆیدا (کە لە ٧٥٣ی کۆچی هەتاوی نووسیویە) ئەوان هەر بەو ناوە دەناسێنێت.
"ئەبو سەعید محەمەد بن عەبدولکەریم سەمعانی" (کە لە ساڵی ٥٦٣ی کۆچی هەتاوی مردووە) لە کتێبی (ئەلئەنساب)دا دەنووسێت: "کۆمەڵێکی زۆر لە عێراق لە چیاکانی حەلوان و ناوچەکانی ئەوێ هەن کە ئێزدیین و لە گوندەکانیاندا وەکو کەسانی زاهد دەژین و قوڕێک کە پێی دەڵێن 'حال' دەخۆن. ئەو قوڕە بۆ پیرۆزکردن و تەبەرووک لە مەزارگەی شێخ عەدی دێنن و لەگەڵ هەویردا دەیشێلن و دەیکەنە نان، جار جار دەیخۆن و پێی دەڵێن "بەرات".
ئایینی ئێزدی خاوەنی دوو کتێبە: "جلوە"، کە بنەماکانی باوەڕی ئێزدی تیادا باس کراوە و کتێبەکەی دیکەش {مەسحەفا ڕەش" تیایدا کۆمەڵێک نزا و سروودی ئەوانی لە ستایشکردنی گەورەکانی ئێزدی تێدا نووسراوە[١٣٦].

---

١٢٩-١٣١

١٣٢-١٣٤

١٣٥

١٣٦

کاکەییەکان (ئەهلی هەق) شیدلییەکان و عەلەوییەکان، کە لە ناوچە کوردستانییەکانی ئێران، عێراق، تورکیا و سووریا و لە ناوچە دراوسێیەکانی ئێزدییەکاندا دەژین، لەو ئایین وئاینزایانە دەژمێردرێن و هەموویان بەشێوەیەک لە شێوەکان هاوشێوەن. دابونەریت، پەرستنی بە کۆمەڵیان هەروەها نەزر و نیاز و قوربانیکردنیان لەگەڵ یەکدا هاوشێوەیە و لەگەڵ سۆفییە موسڵمانەکاندا هاوبەشە. نزیکترین ئایین لە ئایینی ئێزدی، چ لە باوەڕ و ئەفسانە، هەروەها باوەڕبوون بە حەوت فریشتەکان و دۆناودۆن و نەریت و ڕێوڕەسمە ئایینییەکان، یارسانەکانن، کە لە عێراقدا بە "کاکەیی" و لە ئێراندا بە "ئەهلی هەق" ناو دەبرێن[١٣٧-١٣٨].

ئێزدییەکان هەروەکو موسڵمان و زەردەشتییەکان ڕۆژی پێنج جار بە شێوازی خۆیان نوێژ دەکەن، بەڵام ڕووگەیان لە چوار جار نوێژکردندا خۆرە و لە نێوەڕۆدا گۆڕی شێخ عەدی بن مسافیرە. (شێخ عەدی، سۆفییێکی بە ڕەچەڵەک عەرەبە کە لە سەدەی شەشەمی کۆچیدا ژیاوە و بە بڕوای مێژوونووسان، دامەزرێنەری ئایینی ئێزدییە[١٣٩-١٤٠]).

ئێزدییەکان لە شرۆڤەی ژیانی دوای مردندا، باوەڕیان بە دۆناودۆن [باوەڕبوون بە بازنەیيبوونی ژیان و گەڕانەوەی گیان] هەیە. ئێزدییان باوەڕیان وایە کە دوای مردن گیانی کەسانی شەڕانگێز دەچێتە جەستەی ئاژەڵان، یان ڕووەکەکان، بەڵام گیانی کەسانی باش دەچێتە جەستەی کەسێکی تازەوە. دۆناودۆنبوونی گیان بە ماف و شایستەیی ئەوانەوە پەیوەست نییە، بەڵکو بە لوتفی مەلەکێ تاوسەوە پەیوەستە. لە بەندی ١٢ی کتێبی جلوەدا لەسەر زاری مەلەکێ تاوس باس کراوە: "ئەگەر بمەوێت ئەو دووبارە و سێبارە دێنمەوە دنیا، یان لە ڕێگای

---

١٣٧-١٣٨

١٣٩-١٤٠

دۆناودۆنەوە بۆ جیهانێکی دیکەی دەگوازمەوە[١٤١-١٤٣]". لە سەدەی دواییدا لێکۆڵەران و سەرچاوە ئاینییەکانی ئێزدی گوتوویانە کە ئایینی ئێزدی لە زەردەشتییەوە وەرگیراوە[١٤٤].
بەشێک لە خەڵکی هۆزی خەزەل لە کرماشان و هەمەدان پەیڕەوی ئەهلی هەقن و بەشێکی دیکەشیان ئەگەرچی موسڵمانی شیعەن، بەڵام دابونەریتی یاری وەک نەزرکردنی ماڵی داوەتی، جەژنی خاوەنکار، قەسەم کەر داوەت و ... ئەنجام دەدەن.
**

**پۆشاک**

پۆشاکی خەڵکی خەزەل لەگەڵ بیروباوەڕ و کلتووری کۆمەڵایەتیدا گونجێندراوە و دروست بووە، ڕەگەزی هەلومەرجی هەرێمی و کەشوهەوا کاریگەریی بەسەر جۆری جلوبەرگی خەڵکی خەزەلدا نەبووە. سەنگینی و سادەیی دوو تایبەتمەندی پۆشاکی خەڵکی خەزەل بووە، کە مەبەستیان لێی نەهێشتنی شەهەوات، بەدیهێنانی تەناهیی کۆمەڵایەتی و پاراستنی حەریم و پیرۆزیی خێزان بووە.
لە کلتووری خەزەلدا پۆشاک شکۆ و سەنگ و تایبەتمەندییێکی وای هەبووە کە دەبێ کەسەکە بە ڕێز و شکۆمەندییەوە پیشان بدات و دوور بێت لە شەڕانگێزی و نابەجێیی. ئەو دابە لەنێو گەلانی دراوسێ بۆ نموونە ئاشوورییەکاندا بەدی دەکرێت. لە ئاشووری کەونارادا (١١٠٠-١٤٠٠ی پێش زایین) یاساگەلێکی کۆمەڵایەتیی هاوشێوە دەرچوون، لە یاساکانی ئاشووردا کەنیزە و لەشفرۆشەکان لە پۆشاک و ڕووبەند بەخشرابوون. لە کتێبی (ژنان لە خۆرهەڵاتی نزیکی کەونار)دا هاتووە: " پیاو، یان ژن (بێوەژن)، یان ژنی (ئاشووری) کە دەچێتە گوزەرگای سەرەکی شار، سەریان [ڕووت] نەبێت. لەشفرۆش

---
١٤١-١٤٣
١٤٤

نابێت ڕووبەندی بەسەرەوە بێت و خۆی دابپۆشێت، دەبێت سەری ڕووت بێت[١٤٥]. پۆشاکی ژنان و پیاوانی لە خەزەلدا لەیەک جیاوازە. پۆشاکی خەزەل بە شێوەکی سنووردار لە پارێزگای ئیلامدا پارێزراوە و خەڵکانی دیکەی خەزەل پۆشاکی خۆیان لەدەست داوە.

پۆشاکی ژنان: سەروەن (sarvan)، ژنان بەشێک لە قژیان دەهۆننەوە و بە هەردوو لای ڕوومەتیاندا شۆڕ دەکەنەوە و پێی دەگوترێت چەتر (chatr) [بسک، یان کەزی]، ئەمە تەنیا بۆ جوانیی بووە و هەموو قژی دیکەیان داپۆشیوە. سەروەن [یان سەروین] جۆرە پۆشاکێکە بۆ داپۆشینی سەری ژنان، کە پێکهاتووە لە کڵاو، یان سەروتاس و گوێلوانی (gwelwany)، یان هێراتی کە بە دەوری کڵاوەکەدا دەیپێچن و بەشێکی هەر بۆ جوانی بەلای پشتدا شۆڕ دەکرێتەوە. هەندێک جاریش هەبەر (Habar) کە جۆرە سەرپۆشێکی ڕەشە، لە پارچەی مەخمەڵ و سێگۆشەیە لە جیاتی سەروین بەکار دێنن.

تاکاری (takari) جۆرە سەرپۆشێکی ژنانەیە لە ئاوریشم، یان داوی ئاسایی بە شێوەی چوارگۆشەیی و گەورە دروست دەکرێت، کە گوێلانییەکە ئەستوورتر دەبێت. زەمینەی پارچەکەش ڕەش و بە هێڵ و تیسماری باریک و تەنکی سووری تۆخ، یان سەوز دەنەخشێندرێت و گوڵینگەی لێ دەنێن. کاتێک ئەو جۆرە ڕووسەرییە لەسەر دەندرێت، شێوەیەکی گەورە بە دەموچاو و سەری ژنەکە دەبەخشێت و بەشێک لەو پارچە نەخشێندراوەش بۆ لای دواوە شۆڕ دەکرێتەوە.

تاوریشی (Tawrishi) جۆرە شاڵێکی ناسک و تەنکترە کە سەر و شان و مل دادەپۆشێت. ڕووسەری، یان بانسەری (Bansari) و شاڵ سەر هەروەک جۆرەکانی ئەو جۆرە پۆشاکە لە ئێراندا بەکار دەهێندرێت. دووجۆر باڵاپۆش بۆ ژنان لە خەزەلدا باوە، یەکەمیان

---

١٤٥

نیوبالاپۆش تا ئاستی کەمەر دێتە خوار و ڕەنگەکەی سپییە، باڵاپۆشەکەی دیکە قەترە (Qatra) بە پێچەوانەی باڵاپۆشە باوەکانی دیکە، گەورەیە و دوو سەردەستی بەرینی هەیە.
سۆرەک (Sorek) سەرپێچێکە لە پارچەی تەنک و ڕەنگاوڕەنگ، کە بووک لە کاتی گواستنەوەی دەیخاتە سەری و ڕەنگەکەشی زیاتر سوور، بێجی، یان پەمەییە.
کەمەرچین (kamerchin) جاران باڵاپۆشی زۆربەی ژنان جۆرە پاڵتۆیەک بوو پێیان دەگوت کەمەرچین، کە بە هۆی زۆر بەکارهێنانی تیسماری زێڕبافت بۆ ڕازاندنەوەی، جوانییێکی تایبەتی هەبوو. پارچەی کەمەرچین لە مەخمەڵ و ڕەنگەکەیشی سوور، جەرگی، سەوز، سورمەیی، یان ڕەش و قۆڵ و سەردەستەکانی فش و بەرین بوون. پێشەوەی کراوە بوو و کەمەربەند و دوو گیرفانی زارک خواری لە هەردوولادا هەبوون. کەمەرچینی ڕەش و (ڕەنگە تاریکەکان)، تایبەت بوون بە ژنانی بەساڵداچوو. ئەمڕۆکە پۆشینی ئەو جۆرە پۆشاکە لەنێو ژنانی ئیلامیدا دەتوانین بڵێین نەماوە و تەنیا ژمارەیەکی کەمی پیرەژنەکان لە وەرزی سەرمادا دەیکەنە بەریان.

**یەل (Yal)**

جۆرە کورتەکێکی ژنانەیە، لە قوماشی مەخمەڵ چێدەکرێت و هەروەک کەمەرچین بە تیسمار و نەواری جوان جوان دەیڕازێننەوە. ئەو پۆشاکە کە قۆڵدار بوو و دوو گیرفانی لە هەردوولایدا هەبوون، لە بۆنە و میواندارییەکاندا لەبەر دەکرا. درێژییەکەی تا سەر چۆکان و کراوە بوو و بۆ داخستنیش دوکمەی هەبوون.

**کوڵەنجە (Kwelanja)**

کوڵەنجە جۆرێکی دیکەی باڵاپۆشەکانی ژنانی ئەو ناوچەیەیە، کە لە ڕووی ڕەنگ، جۆری قوماش، دوورین، جوانکاری و بەکارهێنانی هەروەکو کەمەرچین و هەڵبەتە لە کەمەرچین کورتر و ناگاتە ئەژنۆ.

**سوخمە (Soxma)**

ئەم جۆرە باڵاپۆشە تەواو هاوشێوەی پەستەکە، لە قوماشی مەخمەڵ و بە ڕەنگی کراوە و ڕۆشن دروست دەکرێت. قۆڵی نییە و زۆر جوان دەڕازێندرێتەوە؛ بە چەشنێک کە لە پێشەوە و پشتەوەی زۆر پلێپلەی زیو و دراوی سەردەمی خۆی و گۆ و پوولەکە و تیسماری زێڕبافت و سیمبافتی پێوە دەکرێت. جۆر و بڕی ئەو پلێپلە و جوانکاریانەش بەندە بە ڕەوشی دارایی کەسەکانەوە.

**کراس، یان شیو (Keras-shau)**

هەر ئەو کراسە درێژ و قۆڵدارەیە. درێژیی ئەو کراسە تا سەر پێیان دێت و هەندێک جار لە کەمەردا تەسک دەکرێتەوە؛ بەڵام لە خوار کەمەرەوە تەواو فش و بەرینە.

**ژێرکراس (Jer keras)**

جۆرە پۆشاکێکی ژنانەیەی قۆڵدار، یان بێقۆڵ و یاخە بازنەییە، کە لە ژێر کراسدا دەیپۆشن و ڕەنگیشی زیاتر سپی، بێجی و شینە.

**بلووز (Bluz)**

جۆرێک باڵاپۆشە کە درێژییەکەی تا کەمەرە و لە جۆرەها پارچە بەشێوەی سادە، یان گوڵدار دروست دەکرێت. ئەو باڵاپۆشە هەم بە قۆڵ و هەم بێقۆڵ دروست دەکرێت، کە زیاتر ژنانی گەنج لەگەڵ کراسی دامەندار دەیپۆشن؛ هەڵبەتە کچانی گەنج و نەوجەوان بلووز لەسەر شەلوار دەپۆشن.

**قەیوەن (Qaeywan)**

پارچەیەکی درێژی یەکڕەنگە کە وەک شاڵ لە پشت دەئاڵێندرێت.

**جوراو (Juraw)**

لە ڕابردوودا بەکارهێنانی گۆرەوی لەنێو ژنانی ناوچەکە باو نەبووە؛ بەڵام ئێستا لەو جۆرە گۆرەوییانەی بازار سوودوەردەگرن.

**شاڵ کەمەر (Shal kamer)**

جاران ژنانی ناوچەکە لە کاتی کارکردندا لەچگ (Lachg)یان بۆ پشتبەستن بەکار دەهێنا.

**کڵاش (Kelash)**

لە ڕابردوودا ژنانی ناوچەکە جۆرە کەوشێکیان دەکردە پێ، پێی دەگوترا کڵاش. بنی ئەو جۆرە پێڵاوە لە چەرمێکی ئەستوور، یان لاستیک دروست دەکرا و گونجاو بوو و کەوشەکە لە خوریی ڕستراوی مەڕ دروست دەکرا.

سێ نەخشی نیلوفەر (ژیان)، چەرخ (میترا و خۆر) و هەڵۆ (ڕەمزی ئاهورامەزدا) لەسەر زۆربەی پۆشاکەکانی ژنانەی خەزەڵدا دەبیندرێت[١٤٦-١٤٩]

**پۆشاکی پیاوانە**

جلوبەرگی پیاوانی ئیلام، پیاوەتی، شکۆمەندی و پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتییان لەنێو کۆمەڵگەدا نیشان دەدات.

**کراسی داخراو**

جۆرە کراسێکە، کە تا ئەژنۆ دێت، قۆڵی درێژە و لە سەر شانەوە بۆ لای مەچەک تەنگ دەبێتەوە، چەسپاو و کەمێک لۆچدارە.

**کەوا (جۆرە ڕووپۆشێکی کوردییە)**

لەسەر کراس لەبەر دەکرێت. درێژییەکەی تا گۆزینگی پێ دێت و دوو جۆری قۆڵدار و بێقۆڵی هەیە، کە جۆرە بێقۆڵەکەی وەکو شانێل

---

١٤٦-١٤٩

به هۆی دوو قەیتان لە هەردوولای یاخەوە لەژێر چەناگەدا گری دەدرێت و جۆری قۆڵداریشی دوو قەیتانی لەنێوەڕاستدا هەیە.

**چۆخە**

به کورتەکێک دەگوترێت کە کراوەیە و لەسەر کراسدا لەبەر دەکرێت، درێژییەکەی تا پشتی ئەژنۆ دێت و قۆڵدارە[١٥٠-١٥١].

**کەپەنەک**

لە خوری دروست دەکرێت و بێ قۆڵە.

**

***زەنگەنە**

زەنگەنە دەتواندرێت هەر یەک لەمانە بگرێتە خۆی:

هۆزی زەنگە، یەکێک لە گەورەترین هۆزەکانی ئێران لە پارێزگای کرماشان؛

زەنگەنەی (پۆلدەشت)؛

زەنگەنەی (سەنقەر)؛

زەنگەنەی (فەسا)؛

زەنگەنەی (لامەرد)؛

زەنگەنەی (مەلایر)، شاری مەلایر لە ناوچەی مەلایر؛

تەنگەکی زەنگەنە، گەڕەک، یان گوندیکە لە پارێزگای بوشەهر؛

زەنگەنەی (سابرئاباد)، ناوچەیەکی نیشتەنییە لە کۆماری ئازەربایجان؛

بیژەن نامدار زەنگەنە؛

پەری زەنگەنە؛

حەمید زەنگەنە؛

شێخعەلی زەنگەنە؛

لەعیا زەنگەنە.

**

---

١٥٠-١٥١

**کوردانی پارێزگای مەرکەزی (ئەراک)**
لە پارێزگای مەرکەزی، هۆزی کەلهور دەژین، کە دەچنەوە سەر هۆزی کەلهوری پارێزگای کرماشان.
**

**کوردانی پارێزگای سنە**
گرنگترین هۆزەکانی کورد لەو ناوچەیە بریتین لە: سەرشێو (لە سنووری عێراق، لە باشووری بانە)؛ تیلەکۆیی (لە هەموو ناوچەی سنە و زاگا؛ ئەردەڵان (لە سنە، ئەم تایەفەیە بناغەدانەری شاری سنەن و زیاتر لە حەوتسەد ساڵ حوکمڕانییان بەسەر ناوچە کوردنشینەکانەوە هەر لە هەمەدانەوە تا موسڵدا کردووە؛ جاف (باشووری خۆرئاوای سنە)؛ هەلیلان (باشووری خۆرهەڵاتی کرماشان)[٢٨].
***تیرە و تایەفەکانی بانە:**
تایەفەکانی شەهیدی، بەهرام بەگی، ئەحمەدی، تەوەکولی، لوتفوڵڵا بەگی و هەمەوەند.
**تایەفەکانی کوردی ناوچەی سەقز:**
فەیزوڵڵا بەگی، گەورک، جاف، سەقز، کەلالی.
***تیرە و تایەفەکانی ناوچەی سنە:**
تایەفەکانی ئەردەڵانی سنەیی، حەبیبی، کەلماسی، کەلکۆ، ئاسەف، ئەردەڵان، شاوەیسی، بابان، وەکیل، سادق وەزیری، مەسعوود وەزیری، موعتەمەد وەزیری، ئاسەف وەزیری، مەردوخی و...
***تایەفەکانی ناوچەی بیجاری گەڕۆس:**
تایەفەی گەڕۆس[٢٩-٣١]؛ تایەفەی خواجەوەند[٣٢]؛ تایەفەی سیامەنسوور[٣٣]؛ تایەفەی کەبودوەندی گەڕۆسی و ...

---
٢٨
٢٩-٣١
٣٢
٣٣

***تایەفەکانی کوردی ناوچەی کامیاران:**
تایەفەکانی کەمانگەر؛ لوتفوڵڵا بەگی؛ شەهیدی؛ کەشکەکی؛ ئەحمەدی و سلێمانی کە ئەمەی دوایی بە پێی پەیماننامەی ئەرزەنەتولروم، لە سلێمانییەوە بۆ ئەو ناوچەیە کۆچیان کردووە.
***تایەفەکانی ناوچەی قوروە:**
چاردۆلی، یان چهاردەولی.
**

**کوردانی لورستان**
گرنگترین هۆزەکانی ئەو پارێزگایە بریتین لە باجولوەند، هۆزی شاهیوەند، دێلفان، سەلسەلە. تایەفەکانی تەرهان و هۆزی چەگەنی؛ کە جگە لە چەگەنی ئەوانی دیکە گشتیان بە زاراوەی لەکی دەئاخفن[١٣٤-١٣٧].
سەرجەمی دانیشتوانی شارەکانی کۆدەشت، ئەلەشتەر، (سەلسەلە)، نوراباد (دێلفان) و رومشگان و چەند بەشێکیش لە شاری خوڕەماباد کوردن و بە زمانی کوردیی شێوەزاری لەکی قسە دەکەن. نزیکەی ٤٠ لە سەدی شاری خوڕەمئاباد و نزیکەی ٢٥ لە سەدی شاری بروجێرد یان کوردی لەکن، یان ڕەگ و ڕیشەی کوردی لەکیان هەیە.
هۆزی باجەلان لە بروجێرد ڕیشەی کوردی هەیە، کە لە کوردستان بۆ ئەم ناوچەیە کۆچیان کردووە.
تایەفەی ساکی و تایەفەکانی دیکەی سەر بە هۆزی حەسەنوەند لە شار و شارۆچکەکانی خوڕەمئاباد کوردن.
بە شێوەیەکی گشتی، زیاتر لە نیوەی دانیشتووانی پارێزگای لورستان لە کوردانی لەک پێکهاتووە.
**

**کوردانی کرماشان:**

١٣٤-١٣٧

گۆران، نانکۆلی، شەرەفبەیانی، کەرەندی[٢٨] و هۆزی جەموور، کە لە هۆزە کۆچەرییەکانی کوردی پارێزگاکانی کرماشان- هەمەدانن[٢].
هۆز و تایەفەکانی: قەلخانی، قوبادی،، چوپان، کاوە، باباخانی، وەلەدبەگی، مستەفا سوڵتانی، کانی سانی.
***کوردانی ناوچەی پاوە:**
تایەفەی ئیمامی لە بانە، تایفەی ئیناخی لە سەریاس، کلاشی، میرعەبدەلی، رەماسی لە شمشیر، تاوەگۆزی (جوانڕۆ)، وەلەد بەگی، ڕۆستەم بەگی، باباخانی و...
*هۆزەکانی کەلهور، سەنجابی، زەنگەنە، جاف، هۆزی خەزەل (خەزایی)، باجەلان لە خۆرهەڵات و خۆرئاوای پارێزگای کرماشان و بنەماڵەی بابان بە ناوی خێزانی سلێمانی و پاشایی کە بە پێی پەیماننامەی ئەرزنەتولروم لە سلێمانییەوە بۆ ناوچەکانی باکووری کرماشان کۆچیان کردووە و...[٨].
لە شاری سەنقەر هۆزی گەتوەند و لە شاری کەنگاوەر هۆزی تەرکاشوەند کوردن.
**

**کوردانی ئیلام**

هۆزی مەلەکشایی، هۆزی ئەرکەوازی، هۆزی خەزەل، هۆزی شوهان. هۆزی میەخاس، هۆزی دێ والایی، هۆزی پەنجستوون، هۆزی شەهلیاروەند، هۆزی ناسر عالی، هۆزی پیرانی، هۆزی عالی بەگی، هۆزی ریزەوەند (ناسراو بە هۆزی چاردولی)[٣٨]. هۆزی زرگوش، هۆزی تولابی لە شاری ئیلام و هەروەها شاری شیروان و چەرداول، هۆزی بەیری (بەدرەیی)، هۆزی کەلهوری کۆلیوەند

---
٢٨
٢
٨
٣٨

(لەک)، لە ناوچەی زەرینئاباد (پەهلە و مەیمە- pahleh) لە سەنتەری پارێزگای ئیلامدا هۆزێک بە ناوی هۆزی کورد هەیە کە بریتیە لە چەند تایەفەیەکی جیاجیا کە لە ناوچەیەکی فراواندا هەن[٢٤].

**

## کوردانی خوزستان

هۆزی خەزەل لە شووش (تایەفەکانی میرۆیی و زەراوەند)ی ئەهواز، (تایەفەی گەورەی خورمایی (خورماوی)ی ڕامهورمز؛ (تایەفەی بەر ئافتابی) لەو ناوچەیەدا دەژین.[٣٩،٤٠]. تایەفەیەک بە ناوی ئال بووی کورد (جۆرج کرزون لە لاپەڕەی ٧٠٧ی کتێبی 'ایران و قضیه ایران' ناوی 'بوکرێدی' (باوکوردی) لە تایەفەکانی هۆزی خەزەل لە عێراق هێناوە [٤١]، لە چەند گوندێک لە باشووری ئەهوازدا نیشتەجێن. تایەفەکانی کوردی حەسێن خانی، زەنگەنە و کوردزەنگەنە لە شارەکانی باغمەک، قەلعە تەل، ئیزە و ڕامهورمز نیشتەجێن و بە کوردانی باشووری ناسراون.[٢٨].

هۆزی کەلهور نزیکەی ٢٠ لە سەدی دانیشتووانی شاری خوڕەمشەهر پێک دێنن، کە لە کرماشانەوە دوور خراونەتەوە بۆ خوڕەمشەهر.

تیرەی کوردستانی لە شاری ئابادان ڕیشەیان دەچیتەوە شاری بیجار.

تیرەی دیکەش کە ڕیشەی کوردستانایین هەیە لە ئابادان هەن، کە لەگەڵ پێکهاتەکانی دیکەی ئابادان تێکەڵ بوون و بە زمانی فارسی و شێوەزاری ئابادانی قسە دەکەن.

**

## تیرە تایەفەگەلی کورد لە ناوەڕاستی ئێران

## کوردانی ئیسفەهان

---

٢٤

له پارێزگای ئیسفەهاندا، تایەفەی عەقیلی ڕیشەیان دەچێتەوە سەر کوردستان.
جگە لەوانەش کۆمەڵێکی زۆر لە کوردانی زەنگەنە، کوردزەنگەنە لە سەرتاسەری پارێزگای ئیسفەهاندا بڵاون. کوردانی هۆزی بیرانوەندی لەک لە شارەکانی کاشان، گولپایەگان و شاهینشەهر یەکجار زۆرن.
**

**کوردانی قوم**
کوردانی لەک لە شاری قوم یەکجار زۆرن.
**

**کوردانی یەزد**
خەڵکی شاری مێهردەشتی یەزد لە کوردانی ناوچەی پیرانشار و مهاباد بوون و سەر بە هۆزی مەنگووڕن، کە بۆ ئەم ناوچەیە دوور خراونەتەوە.
لە شاری یەزد و شارەکانی دیکەی ئەو پارێزگایەدا، تیرەگەلی کوردی زەنگەنە و کوردزەنگەنە دەژین، کە لە بنەڕەتدا لە کوردانی باغمولک و ڕامهورمزن، بۆ ئەم ناوچەیە کۆچیان کردووە.
**

## تایەفەکانی کورد لە باشووری ئێران

---

**کوردانی پارێزگای فارس**
گرنگترین تایەفەکانی کورد لە پارێزگای فارس بریتین لە کوردشولی. کوردشولییەکان کە بەر لەوەی پێش سەدەی نۆزدەی زایینی بچنە ناوچەی فارس (شیراز) سەردەمانێک لەنێو مەمەسەنییەکان، یان بەختیارییەکاندا ژیاون. تێکەڵی هۆزی قەشقایی بوونە، بەڵام لە جەنگی دووەمی جیهانیدا دووبارە سەربەخۆیی خۆیان بەدەست هێناوەتەوە. لەنێو هۆزەکەدا توخمگەلی تورکیش بەدی دەکرین، بە شێوەیەکی دیاریکراو تیرەی خەلەجی. زۆربەی هەرە زۆری زەنگەنەکان

نیشتەجێی کرماشانن، بەڵام تیرەگەلێکیشیان چوونەتە ناو بەختیاری کەهگیلویە و فارس (شاری لامەرد). تیرەیەکی دیکەش کە کورد نین، بەڵکو تورکن لەو جۆرانەی فەسایی تایەفەی ئاینالو لە هۆزی خەمسە و دواتر لە شارەدێی شەشی گوندی قەرەبلاغی نزیکی فەسا نیشتەجێ بوونە. کوردانی دیکەی شیراز بریتین لە تیرەکانی هۆزی نەفر و (کەلکویی) ئوریاد تایەفەی عەمەلەی قەشقایی، تایەفەی دەرەشوری قەشقایی و کوردلۆ لە تایەفەی قەراچاهیلوی قەشقایی. سەرجەمی ئەو تایەفانە پاشماوەی ئەو تایەفە و تیرانەن کە لەگەڵ کەریمخانی زەند هاتوونەتە شیراز[٤٢]. لە مێژوودا زۆر ناوی دیکەش لەمانە هەبوون، بەڵام ئەمڕۆ تەنیا لە هەندێک لە گوندەکانی سەر بە کازەرون وەکو عەبدو [٤٣] و کرون[٤٣] ماونەتەوە. زمانەکەیان شێوەیەکە لە نێوان کوردی و فارسی، بەڵام تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی و دەستەواژە و وشەگەلی کوردیان زۆرە. هەندێک لە تایەفەکانی کوهمەرەی سورخیش بە ڕەچەڵەک کوردن، کە زمانەکەیان تایبەتمەنیی زمانی کوردی هەیە[٤٣].

لە ئێستادا لە پارێزگای فارسدا، کۆمەڵێک لە کورد دەژین کە بە خۆیان دەڵێن 'کرونی'، ئەو کۆمەڵەیە نزیکەی ١٠٠ ماڵ دەبن، کە لە گوندەکانی شیراز و کازەرون و سەپیداندا دەژین. سێ گوند سەد لە سەد کورد و یازدە گوندیش لەگەڵ فارسەکاندا هاوبەشن. ئەمانە بە زمانی کوردی شێوەزاری کرماشانی قسە دەکەن. حەڤدە ماڵ لە کوردانی شیراز هێشتا کۆچەرن و کوێستان و گەرمیان دەکەن. لە شاری لارستانی شیراز دە هازار کەس کورد هەن، کە سوننە مەزهەبی شافعین.

**

٤٢

٤٣

**کوردانی پارێزگای هورمزگان**
تەیەفەکانی کوردی لەک لەو پارێزگایەدا هەن.
**

**کوردانی بوشەهر**
لە پارێزگای بوشەهەردا، هۆزی زەنگەنەی کورد هەن و لە سنە و کرماشانەوە هاتوونەتە ئەو ناوچەیە.
**

**کوردانی پارێزگای کەهگیلویە و بویرئەحمەد**
لەم پارێزگایەشدا کوردانی زەنگەنە هەن.
**

**کوردانی کرمان**
تایەفەی جەلیلوەند لە بنەڕەتدا لە کوردانی کرماشانن، کە بۆ شاری کرمان کۆچیان کردووە.
*تایەفەکانی بامەری لە چیای بارز و ئەفشاری قاسملو (قاسم ئەولادی).
شوێنپێی کوردانی کرمان تا کۆهنوج و بەم دەبیندرێت. مەهەنییەکان لە سیرجان و ڕەفسەنجان هەن؛ کە کەوتوونەتە داوێنی چیای بارزەوە[٤٤].

لە بافت و جیرۆفتدا کۆمەڵێکی زۆر لە هۆزی خەزەل هەن و لە (لادێکانی دلفارد و حوسێن ئاباد)دا نیشتەجێن.

***

---
٤٤